# بەهای دایك لە (دیوانی منداڵان)ی لەتیف هەڵمەت دا

**ID No. 2386**

(PP 117 - 135)

https://doi.org/10.21271/zjhs.23.1.8

**هاوژین صلیوە عیسا**

زانکۆی کۆیە- فاکەڵتی پەروەردە- بەشی زمانی کوردی

hawzhen.slewa@koyauniversity.org

**وەگـــــرتن : 2018/07/23**

**پەسندکردن : 2018/11/11**

**بڵاوکردنەوە : 2019/02/15**

**پوختە**

جیهانی لەتیف هەڵمەت جیهانێکی فراوانە، لەزۆربەی بوارەکان دەست رەنگینی خۆی نواندووە، لەبارەی جیهانی منداڵان، لەبواری شیعر و چیرۆك جێ پەنجەی دیارە، ئەوبابەتەی کە توێژینەوەمان لەبارەوە کردووە، تایبەتە بەشیعری منداڵان، لەنێو شیعری منداڵانیش دیسان بابەتێکی سەرنج راکێشمان هەڵبژاردووە، ئەویش(دایك)ە، ناونیشانەکە: بەهای دایك لەدیوانی (منداڵان)ی لەتیف هەڵمەت دا، بۆئەوەی زۆر پەرت و بڵاو نەبینەوەو مەبەستەکەی خۆمان بپێکین، چونکە شیعری منداڵان فەزایەکی فراوانی لای شاعیر دروست کردووە، خودی دایك جیهانێکی فراوانی لە خەیاڵی شاعیر چێکردووە. لەبەشی یەکەمدا لە پێنج تەوەردا خستوومانەتە ڕوو: پێناسەو چەکی ئەدەبی منداڵان، مێژووی ئەدەبی منداڵان. تایبەتمەندی ئەدەبی منداڵان، شیعری منداڵان لە کۆبەرهەمی لەتیف هەڵمەتدا، بۆ لەتیف هەڵمەت (دایك)ی لە شیعری منداڵانیش کردۆتە چراوگ و مەشخەڵی شیعرەکانی؟ لەبەشی دووەمدا گوڵبژێری شیعرەکانمان کردووەو بەپێنج تەوەرە بیرۆکەکانمان بەرجەستەکردووە، کە ئەمانەن: دایك: ڕابەرو پێشەنگ و مامۆستا. دایکی نیشتمان و نشتیمانی دایك. دایك: سروشت و ژینگە. دایکی گیاندار و تەیرو تواران. دایـك و خـەون و شـیعری منداڵان. لەکۆتایشدا .

## پێشەکی

لەتیف هەڵمەت شاعیرێکی فرە ڕەهەندە، لە زۆربەی بوارە ئەدەبییەکاندا دەست ڕەنگینی خۆی نواندووە، لەبواری توێژینەوە لە ئەدەبی منداڵان و نووسینی شیعر و چیرۆکی منداڵاندا هەوڵێکی جدی داوە. لەبەرئەوەی لەتیف هەڵمەت بەچاوی خۆی بینیویەتی دایکی ئاگری تێبەربووە و سوتاوە و مردووە، لەوتەمەنە مێرمنداڵییەی خۆی لەسۆزی دایك بێبەری بووە، ئەو لەڕێی شیعرەوە هەمیشە دایکی دەدوێنێ و ئاوێتەی خەیاڵ و شیعرەکانی خۆی دەکات و دەروونی خۆی هێور دەکاتەوە. بۆیە قۆڵبوونەوەی هەیە بۆئەم بابەتە, هەر ئەمەیش سەرنجی ئێمەی بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ڕاکێشا.

شاعیر تەنها لەشیعری منداڵاندا باسی (دایك)ی نەکردووە، بەڵکو لەکۆبەرهەمە شیعرەکانی دا( 142) دەقەشیعری بۆدایك نووسیوە، لەبەر پابەندبوونمان بەناونیشانی توێژینەوەکە تەنها (دیوانی منداڵان) مان وەرگرتووە، کە (24) دەقەشیعری تایبەت بە (دایك)ی تێدایە و نموونەمان لێ هەڵێنجاوە. بە پشتبەستن بە میتۆدی وەسفی و دەروونی، هەوڵمانداوە دیوەشاراوەکانی دەقە شیعرەکان بخەینە ڕوو. ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە ئەوەیە کە تیشك بخرێتە سەر ئەم لایەنەو شی بکرێتەوە، چونکە پێشتر لەو بابەتە نەکۆڵدراوەتەوە. ستراکتۆری توێژینەوەکەش، لە دووبەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم: پێنج تەوەرەی لێبۆتەوە: یەکەم: پێناسەو چەکی ئەدەبی منداڵان، دووەم:مێژووی ئەدەبی منداڵان. سێیەم:تایبەتمەندی ئەدەبی منداڵان، چوارەم: شیعری منداڵان لە کۆ بەرهەمی لەتیف هەڵمەت دا. پێنجەم: بۆلەتیف هەڵمەت دایکی لە شیعری منداڵانیش کردۆتە چراوگی مەشخەڵی شیعرەکانی. بەشی دووەم، لە پێنج تەوەرە پێکهاتووە: یەکەم: دایك: ڕابەرو پێشەنگ و مامۆستا. دووەم: دایکی نیشتمان و نشتیمانی دایك. سێیەم: دایك: سروشت و ژینگە، چوارەم:دایکی گیاندار و تەیرو تواران.پێنجەم: دایـك و خـەون و شـیعری منداڵان. لەکۆتایشدا، ئەنجام و ڕیزبەندی سەرچاوەکانی توێژینەوەکە خراونەتە ڕوو. پوختەی بابەتەکەش بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی چڕکراوەتەوە.

**بەشی یەكەم:**

**1- پێناسە و چەمكی ئەدەبی منداڵان :**

وەك زۆربەی زاراوە ئەدەبییەكان، ئەدەبی منداڵانیش قامتێك پێناسەی فرە ئاوازی بۆكراوە، بەڵام زۆربەیان لە ناوەرۆكدا لەیەكتری نزیكن: ئەدەبی منداڵان ئەو نووسینە ئەدەبییانە دەگرێتەوە، كە گەورەكان بۆمناڵانیان نووسیوە، لەبوارەكانی: شیعر و چیرۆك و شانۆ... تاد، كە گوزارشت لە هەست و نەستی مناڵان دەكات و بە وشەی سادە و ڕەوان مەبەستەكان دەخرێنە ڕوو. زۆر جاریش منداڵ بەهرەی فراوان دەبێت و خۆی بابەتی ئەدەبی دەنووسێت. سەبارەت بە هەر ژانرێكی ئەم بوارەش پێناسەی تایبەت و جیاواز هەڵدەگرێ. بەپێی قۆناغەكانی تەمەنیش بابەت و جۆری داڕشتنەكەیان گۆڕانی بەسەردادێ. هەندێك لەدەروونناسان قۆناغەكانی تەمەنی منداڵی بەسەر (3) هۆبە دابەش دەكەن: (3-6) ساڵان،(6- 9) ساڵان وە (9-12)ساڵان. ((مەبەست لەئەدەبی منداڵان ئەوەیە، هەر بابەتێكی نووسراو كە پێشكەشیان دەكرێت، وەكو كتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە بەشێوەی چیرۆك یاخود هەڵبەست یان شانۆگەری یان هەربابەتێكی تری ئەدەبی))(فەرەج, 2013: 23) هەریەك لەمانەش بەخەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیەوە دەناسرێتەوە. لە هەمان كاتیشدا لە ڕێی خوێندنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەكانەوە ئاسۆی بیركردنەوەی منداڵ فراوان دەبێت و لەئاخاوتن دا قسەزانتر دەبێت و بێ ئەگرە دەپەیڤێ. حەمە ساڵح فەرهادی دەڵێ: (( ئەدەبی منداڵان بریتییە لەو كۆمەڵە وتە جوانانە كە چێژ و خۆشییەكی پڕمانا بەدەروونی منداڵان ببەخشن و هۆش و سۆزیان بۆ ئەم مانایە ڕابكێشن، ئیتر ئەم وتانە بەهۆنراوە بن یان بە پەخشان، بەزارەكی و بیستن بن یان بەخوێندنەوەو نووسین، یان بە گۆرانی سروودو وتار دانان بن.))(فەرهادی, 2013: 8) دەبینین زۆربەی پێناسەكان جەخت لە جوانی وتە و شیرینی زمان دەكەنەوە، چونكە دەروونی منداڵ پاك و بێگەردە دەبێ پەپوولە ئاسا گوڵی بۆنداری پێشكەش بكرێ. سەبارەت بە پێناسەی شیعری منداڵانیش: ئەوا ئەو شیعرەیە، كە گوزارشت لە ناخ و جیهانی منداڵان دەكات، بەدەربڕینی وشەی سادە و مۆسیقادار، لەقالب و دێڕی و كورت كورت و ڕەواندا.

یونس ڕەزایی یە دەڵێ: ((ئەدەبی منداڵان بریتییە لە كۆمەڵە نووسراو و وێژە و گوتەی گەورەكانی كۆمەڵگا، كە بۆمنداڵ ئامادەكراوە.))(ڕەزایی, 2011: 61) لێ ئێمە بۆتە نەریت كە هەر گەورەكان شت بۆ مناڵان بنووسن، لێ لە وڵاتە پێشكەوتووەكاندا، گرنگییەكی زۆر بەمنداڵ دەدرێ و لە دیوان و نامیلكەی جیاوازدا شیعری منداڵانی حەوت ساڵی و هەشت ساڵان... بڵاودەكرێتەوە و پەرە بە بەهرەكانیان دەدرێ. قۆناغی سەرەتای منداڵی هەستیارترین قۆناغە، لەبەر ئەوەی قۆناغی دروستبوونەو بەردی بناغەی كەسایەتی منداڵەو دەور و بەری كاریگەری زۆریان لەڕەنگرێژكردنی كەسایەتییەكەی ئەو هەیە(فەتاح, 2000: 121) ئەم دەورووبەرەش لە چەند سەرچاوەیەكی ژینگەییەوە بنەوان هەڵدەبەستێ، وەك: خێزان، قوتابخانە، كۆمەڵگا، هۆكارەكانی ڕاگەیاندن( تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ئینتەرنێت). بۆئەوەی ئەدیب تاڕادەیەكی باش بتوانی دنیای منداڵ تاوتوێ بكات، دەبێ شارەزاییەكی باشی لەمەڕ پەروەردەكردن و بارهێنانی منداڵەوە هەبێ، ئەمەش بەبێ شارەزایی باش لە زانستە دەروونییەكان مەیسەر نابێ.

منداڵ زۆر خەیاڵاوییە زۆر جار قسە لەگەڵ خۆی دەكات نەخشەسازی بۆكارەكانی دەكێشێت و بیردەكاتەوە. دیستۆیفسكی دەڵێ: ((لەوانەیە بەهێزترین یادەوەری ئێمە، یادەوەری سەردەمی منداڵیمان بێ))(هەڵمەت, 2011: 81) چونكە زەینی منداڵ لەو تەمەنە ساف و بێگەردە ئامادەی وەرگرتنی زانیاری زۆرە. ((پەیامی هەرە گەورەی ئەدەبی منداڵان ئەوەیە، كە یارمەتی منداڵ بدات كە جیهان بناسن و بیدۆزنەوەو بیگۆڕن.))(مامەند, 1981: 23) ناساندنی ئەم جیهانەش تەنها شتە بینراوەكان ناگرێتەوە، بەڵكو هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە كە بە پێنج هەستەوەرەكانی هەستییان پێدەكات. یان لەدەرەوەی ئەم پێنج هەستەوەرانەش دركیان پێدەكرێ، پەیامی ئەدەبی منداڵان ئەوەیە كە وایان لێبكات بیربكەنەوە و پرسیار بكەن.

**2- مێژووی ئەدەبی منداڵان:**

لە نێو هەموو نەتەوەكاندا، جۆگەڵەی مێژووی ئەدەبی منداڵان سەروچاوەكەی ئەدەبی فۆلكلۆرە، لەگەڵ ڕۆژگاردا بۆتە بەرهەمێكی فراوان و دەوڵەمەند و فرە ڕشتە و ڕەهەند. چیرۆكی بەر گوێی ئاگردان كە سەرگوزشتەی دێو و درنج و جنوكە و خێوە، لێوان لێوە لە خەیاڵ و فانتازیا و خەون كە منداڵ و مێردمنداڵ و تەنانەت گەورەكانیش چێژیان لێوەرگرتووە.

خاتوو (كاڕۆڵین هوینز Caroline Hewins1846 ـ 1926) كە پسپۆڕیی كتیبخانە گشتییەكانە، دەڵێ: ((لەوەتەی مرۆڤ فێرە قسەكردن بووە، فۆلكلۆر و چیرۆكی منداڵان هەبووە، ئەدەبی گەورەكان تابلێیت قەرزاری ئەدەبی منداڵانە.))( https://www.theatlantic) مێژووی ئەدەبی منداڵان لە گەڵ چركەساتی لەدایك بوونیدا دەستپێدەكات، ((هەر لەوكاتەی كە دایك منداڵی بووە، جۆرێك لە ئەدەبی منداڵان هاتۆتە ئاراوە، لایەلایە ئەو شێوە باوەیە كە بۆ خەولێخستن و ئارامی منداڵ وتوویەتی.))(مەجید, 2004: 67)

هەرچەندە دایکەکە خۆشی جۆرێك لە فەرەحنایەتی و چێژ و دڵنەوایی لەو لایەلایە وەرگرتووە و نەختێ خەمەکانی دەروونی لەڕێی ئەوانەوە بۆ خۆی هەڵڕشتووە و بارە دەروونییەکەی سووکتر بووە.

پەروەردەکاریی ئەڵمانی (فریدریك فرۆبل Friedich Frobel – 1852 1782 ) ((لە ساڵی 1837 یەکەم باخچەی ساوایانی لەشاری (بڵکنبۆرگ) بۆمنداڵی تەمەن(3 تا 7 ) ساڵان کردەوە، لەژێر دروشمی وازمان لێ بێنن با ژیانێکی بەختیار بۆمناڵەکانمان دابین بکەین.))(فەتاح: 119) جا ئە م دەروازەیە جیهانێکی نوێی بۆ پەروەردەکردنی منداڵ و ئایندەی پڕ هیوا و ئاسوودەیی کردەوە .(ج. د. ڤۆڵنتدیون 1695 -1623 J. D. Volantdun) کە بە باوکی ئەدەبی منداڵانی فەرەنسی ناسراوە، حیکایەتەکانی لەشێوەی شیعر داڕشت و پێشکەشی لویسی چوارەمی کرد، لەبواری وەرگێڕانی چیرۆکی منداڵانیش دەست ڕەنگینی خۆی نواندووە.( رمضان, 1984:297)

ڕۆماننووسی ئینگلیزیی بەناوبانگ (جارلس دیکنز ( 1870- 1812 Chales Dicknes ، کە تەمەنی منداڵی خۆی بە شاگردی بردە سەر، کاتێك بووە نووسەر، هەموو جیهانی بە چیرۆك و ڕۆمانەکانی ورووژاند، کە زۆریان تایبەت بوون بە منداڵ.((لە سەدەی حەڤدەهەم لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەدەبی منداڵان سەری هەڵدا، زۆربەی حیکایەتەکانیش میللی و ئەفسانەیی بوون.))(غەمبارو کەسانی تر, 2002: 8) لەکۆتایی سەدەی نۆزدە دا نووسەری دانیمارکی (هانس کرستیان ئەندرسن Hans Christian Andersen 1875 -1805) گرنگییەکی زۆری بەچیرۆکی منداڵان دا.(( ئەم پێویستییە بوو بەهۆی گرنگی پێدان بەپەروەردەی منداڵ و کەڵك وەرگرتن لە دەروونناسی و کۆمەڵناسی و جوانیناسی بەشێوەیەکی تایبەت و ئەکادیمیك.))(چاپچی,گ.گزنگ,ژ100, 52) کاتێك کە کۆمەڵگا پێشدەکەوێ و رۆشنبیری بڵاودەبێتەوە، چینی منداڵ بەختەوەرتر دەبن. ((پاش ئەوە ئەدەبی منداڵان لە فەرەنسا و ئەوروپا بەشێوەیەکی گشتی گەشەی سەند، لە وڵاتە عەرەبییەکانیش, بەتایبەتی لە میسر، نووسەرانی ئەم وڵاتەش هەوڵیاندا هەندێ چیرۆکی ئەوروپایی وەرگێڕنە سەر زمانی عەرەبی لەوانە: (رفاعە رافع تەهتاوی) و عوسمان جەلال))(فەرەج:29) لە ساڵی (1922) یەکەم گۆڤاری منداڵان بەناوی (التلمیذ العراقي) دەرچوو. ((سەعید فەیم) ـ کە نووسەرێکی کوردە ـ دەریکردووە. (شێخ مارفی نۆدێ)یش لەساڵی (1927) فەرهەنگۆکێکی کوردی و عەرەبی بەناوی (ئەحمەدی)داناوە. ئەمەیش هەوڵێك بووە بۆ ئەوەی منداڵی کورد فێری زمانی عەرەبی بن.

((لە دوای گۆڤاری گەلاوێژەوە تاکو تەرا شیعر و چیرۆك و شانۆگەری منداڵان بایەخی پەیداکرد. لە شیعردا هەندێك شاعیر ئەم بوارەیان فەرامۆش نەکرد وەکو: فایەق بێکەس و کاکەی فەلّح و ع.ع. شەونم.))(حەسەن, 2008: 111) و زێوەر و گۆران، بەڵام تاوەکو خوێندن لە قوتابخانەکاندا پەرەی نەسەند و گۆڤاری جۆر بەجۆری منداڵان دەرنەچوو، بەشێکی زۆری ئەم شیعرانە لە دوتوێی دەستنووس و دیوانەکاندا خەوتبوون.

((دەتوانین ئەو قۆناغەی سەرەتای بیستەکان درێژبکەینەوە و ناوی لێبنێین قۆناغی (سروود) بۆمنداڵان.))(ئەحمەد, 2006: 30) ئەم قۆناغەش کاریگەرییەکی زۆری هەبوو، چونکە هەم شاعیرانی تریش دنەدران کە لەم بوارەدا ئیش بکەن. هەم دروست بوونی مۆدێلێکی نوێ، کە منداڵانی کورد بەئاوازەوە شیعرەکان بڵێنەوە.

نامیلکە شیعری (نەوبەهاری) ئەحمەدی خانی پێشەنگی شیعری منداڵانە. ((ئەگەر گۆڤاری (کڕو گاڵی منداڵانی کورد)ی مەهاباد ساڵی (1946) هەناسە و پێشەنگی گۆڤارەکانی زارۆك و منداڵانی کوردستانم بووبێت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ئەوا گۆواری (ئەستێرە) ئەستێرەی شاری سلێمانی ساڵی (1972) بوو.))(عەلی:20) لەدوای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو پتر گرنگی بەم بوارە دراوە. دارا محەمەد عەلی لە کتێبەکەی (منداڵ لە هەندێ بواری ڕۆشنبیریدا) ناوی (سی و شەش) کتێب دەخاتە ڕوو، کە لەبواری شانۆ و شیعر و چیرۆکی منداڵاندا لەساڵی (1978 ـ 1990) چاپکراون.

ئەو ئۆپەرێتانەی بەشێوەی شیعر بۆمنداڵان نووسرابوون دەسپێکێکی باش بوون بۆ سەرهەڵدانی شانۆی منداڵان. لەدوا ڕاپەڕینیش ڕۆژنامە و گۆڤارەکان زۆر بوون و منداڵانیش پشکی خۆیان بەرکەوت و چەندان گۆڤاری منداڵان دەرچوون و لە هەندێ ڕۆژنامەش گۆشەی تایبەت بۆ جیهانی منداڵان جێگەی خۆیان کردەوە. جگە لەوەش لە پرۆگرامی پۆلی یەکی سەرەتایی بابەتی خوێندنەوەی کوردی لە شێوەی شیعر و ڕستەی ئاوازەدار خراوەتە ڕوو تا باشتر سەرنجی منداڵان ڕابکێشێت.

**3- خەسڵەتەکانی شیعری منداڵان:**

ئیمڕۆ ئەدەبی منداڵان لە هەموو جیهاندا ڕەفتەیەکی گەورە و سەنگینی لە ئەدەبدا بۆخۆی زامنکردوە، لە زۆر زانکۆ و مەڵبەندە ڕۆشنیریی و ئەدەبییەکاندا وەك ڕشتەیەکی سەربەخۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە ئەنجامدەدرێ، ئەوە جگە لەوەی کە بۆتە کۆڵەگەیەکی بەهێزی فێرکردن و پەروەردە.


ڕۆژانه‌ش له‌ بڵاوكراوه‌كان و له‌ سه‌ر سكرینی تیڤی و سینه‌ماكاندا، به‌رهه‌می هه‌مه‌ چه‌شن ده‌بینین ده‌رباره‌ی منداڵ، یان جار هه‌یه‌ قاره‌مانه‌كه‌شیان منداڵن، كه‌چی، ناچنه‌ ژێر ناونیشانی ئه‌ده‌بی منداڵان. یان هێندێ بۆچوونی نادروست ده‌رباره‌ی ئه‌و ئه‌ده‌به‌ گوتراوه‌، چونكه‌ ((زۆر جار وابیر ده‌كرێته‌وه‌ كه‌ به‌هۆی ئه‌وه‌ی ئه‌ده‌بی منداڵان بۆ كه‌سێك به‌رهه‌م دێ كه‌ له‌باره‌ی ته‌مه‌نه‌وه‌ له‌ خه‌ڵكی تر كه‌م ته‌مه‌نترن، كه‌واته‌ وه‌ك ئه‌ده‌بی نزم تێی ده‌ڕوانن))(ره‌زايي: 62) له‌ كاتێكدا نووسین بۆ منداڵ زۆر قورستر و ئاڵۆزتر و زه‌حمه‌تتره‌ له‌ نووسین بۆ گه‌وره‌كان.

((جیاوازییه‌ك كه‌ له‌پێكهاته‌ و ته‌كنیكی ئه‌ده‌بی منداڵان له‌گه‌ڵ ئه‌ده‌بی گه‌وره‌كاندا بوونی هه‌یه‌، ناگه‌ڕێته‌وه‌ بۆلاوازی یه‌كێكیان و سه‌رتربوونی ئه‌وه‌ی دیكه‌یان. به‌ڵكو ئه‌سڵی جیاوازیی له‌ پێكهاته‌و ته‌كنیك و شێوازی ده‌ربڕین و به‌سترانه‌وه‌ی هه‌ركامیان به‌ بوارێكی بووتیقای تایبه‌ته‌وه‌.))(ره‌زايي: 62) ده‌بێ بزانرێت ئه‌و ئه‌ده‌به‌ بۆ چ قۆناغێكی ته‌مه‌نی منداڵان ته‌رخان ده‌كرێت، بۆیه‌ ئاساییه‌ له‌ سه‌ر به‌رگی ئه‌و به‌رهه‌مه‌ ئه‌ده‌بییانه‌ی بۆ منداڵان چاپده‌كرێن، ته‌مه‌نه‌كه‌ ده‌ستنیشان بكرێت، ئه‌مه‌یش ئێستا له‌ وڵاته‌ پێشكه‌وتووه‌كاندا په‌یڕه‌و ده‌كرێ، چاپكراو هه‌یه‌ كه‌ له‌سه‌ری ده‌نووسرێ، (بۆ منداڵی دوو ساڵان)ه‌، چونكه‌ هه‌ر وێنه‌یه‌ و ده‌بێ دایك و باوك وێنه‌كانی بۆ ڕاڤه‌بكه‌ن، جگه‌ له‌وه‌ی كه‌ جۆری كاغه‌زه‌كه‌شی تایبه‌ته‌ و ژه‌هراوی و زیانبه‌خش نییه‌، چونكه‌ دوور نییه‌ ئه‌و منداڵه‌ بۆ زاری خۆی ببات. له‌دوای ته‌مه‌نی یازده‌ بۆ دوازده‌ ساڵیشدا منداڵ له‌ڕووی ته‌مه‌نه‌وه‌ هه‌راش ده‌بێت و كه‌سایه‌تییه‌كه‌ی ورده‌ ورده‌، گه‌ر كوڕ بوو وه‌ك پیاو، گه‌ر كچ بوو وه‌ك ئافره‌تێك ده‌رده‌كه‌وێ، جگه‌ له‌ ماڵ و قوتابخانه‌، تێكه‌ڵی جیهانێكی گه‌وره‌تر ده‌بێت و ئاسۆی ڕوانینی فراوانتر ده‌بێت.( مشاطي 1968: 313)

به‌ كوردی و كرمانجی ئه‌ده‌بی منداڵان ده‌بێ ئه‌ده‌بێكی په‌یامدار و مه‌به‌ستدار بێ و ڕایه‌ڵه‌كانی بۆ بونیاتنانی كه‌سێكی هۆشیار و هۆشمه‌ند و سه‌ركه‌وتوو بێ له‌ ئاینده‌دا، ئه‌وه‌ جگه‌ له‌ به‌خشینی چێژ و خۆشی و هه‌ست و سۆزداری، له‌ ڕووی داڕشتن و هونه‌ری نووسینیشه‌وه‌، شێواز و زمان و داڕشتن و گوزارشته‌كانی هه‌مووی تایبه‌تن به‌ قۆناغه‌كانی ته‌مه‌نی منداڵ و ژینگه‌ی ماڵ و ده‌وره‌به‌ره‌كه‌ی.

ده‌كرێ خه‌سڵه‌ت و خاسیه‌ته‌كانی شیعری منداڵانیش، وه‌ك ڕشته‌یه‌كی سه‌ربه‌خۆی ئه‌ده‌ب، له‌ چه‌ند سه‌ره‌ قه‌ڵه‌مێكدا چڕ كه‌ینه‌وه‌، ((ده‌بێ له‌ ئاستی ئه‌و قۆناغه‌دابێ كه‌ ئه‌و منداڵه‌ تێیدایه‌، ساده‌ و سانابێ، به‌ڵام كاریگه‌ر و به‌چێژ بێ له‌باره‌ی زمان و داڕشتن و فۆڕمه‌وه‌ گونجاو بێ، پیته‌كانی چ كێش و سه‌روادار بن، یان ئازاد و مۆسیقاداربن ده‌بێ له‌بڕه‌گه‌ی كورت پێكهاتبن، له‌سامانی زمانی منداڵانه‌وه‌ وه‌رگیرابن))(هه‌ورامی:گ.رامان, ژ160 ) ده‌نگ و ئاواز و زرینگانه‌وه‌ی فۆنیم و حه‌رف و برگه‌كان زۆر بایه‌خداره‌ له‌م ڕشته‌یه‌دا، چونكه‌ ((ئه‌مه‌ خاڵێكی به‌دیهییه‌ كه‌ شیعر هه‌رچه‌نده‌ به‌ئاهه‌نگتر و ریتمدارتربێ، قافیه‌كانی خۆش و سوك بن, زیاتر مه‌یلی منداڵان راده‌كێشێ.))( http://www.ettelaat.com) باشتریشه‌ (( تاحه‌دی ئیمكان ساده‌بێ، ئیقاعه‌كانی ڕێك و پێك و دووباره‌بن، مه‌قته‌عه‌كانی كورت بن، بۆئه‌وه‌ی منداڵ بتوانێ له‌كورترین كاتدا مۆسیقاكه‌ی كه‌شف بكات.))( http://www.aftabir.com) ، كێشی درێژ و قورس و هه‌ناسه‌بڕ له‌لای منداڵ په‌سند نییه‌، له‌ جیاتی ئه‌وه‌ی بۆخۆی ڕاكێشێ لێی دوور ده‌كه‌وێته‌وه‌، چونكه‌ له‌گه‌ڵ توانای گه‌روو و زمان و هه‌ناسه‌ی سییه‌كانی ئه‌و ناجۆره‌، ئه‌و شیعرانه‌ی به‌كێشی (4-5-6-7)برگه‌یی نووسراون, منداڵ زیاتر حه‌زی لێده‌كه‌ن، به‌تایبه‌تی كێشی (7) برگه‌یی زۆر باوه‌وه‌و منداڵ ده‌توانێ هه‌ر نیوه‌ دێڕه‌ی له‌شێوه‌ی ڕسته‌یه‌كی ئاوازدار ده‌رببڕێت، ئه‌زبه‌ركردنیشی ئاسانتره‌، ئه‌گه‌ر شیعره‌كه‌ شێوه‌ی چیرۆكی یان بابه‌ته‌كه‌ی زنجیره‌یی بێت, منداڵ زیاتر حه‌زی لێده‌كات و ساناتر له‌ هزر و زه‌ینیدا ده‌چه‌سپێ، خۆ ئه‌گه‌ر شیعره‌كه‌ ئازادیش بوو، ده‌بێ مۆسیقای ده‌ره‌وه‌ وناوه‌وه‌ وجودێكی زۆریان هه‌بێ، ئه‌و دوو مۆسیقایه‌ هاوسه‌نگی ده‌نگه‌كان ڕاده‌گرن، لێره‌داشدا توانست و به‌هره‌ی شاعیر به‌دیار ده‌كه‌وێ.

**4-شیعری منداڵان لە کۆبەرهەمی لەتیف هەڵمەتدا:**




**((هێڵکاری درەختی جیهانی شیعری منداڵان))**

لە شیعری نوێی و هاوچەرخی کوردیدا، لە ئاماژەکردن بە شیعری منداڵان ناوی چەند شاعیرێك پتر درەوشاوەن، هەمر لە زۆری بەرهەمەکانیان و لایەنی جوانکاری لەو بەرهەمانەدا، بۆ نموونە: ع. ع. شەونمر، دایکی گەلاوێژ، کاکەی فەلاح، عەبدوڵا پەشێو، ڕۆستەمر باجەلان، کازم کۆیی، ڕەزا شوان، ڕۆستەمر خامۆش, محەمەد داریاس... بەڵام کاتێك کۆبەرهەمی شیعری منداڵانی لەتیف هەڵمەت دەخوێنینەوە، دەگەینە ئەو ئاکامە کە ئەو:

1. زمان و قالب و پەیامی شیعرەکان نوێکارییان تێداکراوە، هەوڵی جددی درا لە نزیك کردنەوی شیعرەکان لە ناخ و دەروونی منداڵەکان و ئاشناکردنی منداڵانیش بەو جۆرە شیعرە.
2. شیعری منداڵان لە چوارچێوەی لایەلایە و پێدا هەڵگوتن و بە ڕەمزکردنی پەیامەکان دەرباز بوو. ناوئاخنی شیعرەکان بە بابەت و پەیام و ڕۆشنبیریی و زانیاری فرەچەشن دەوڵەمەندکران.
3. هونینەوەی شیعر بۆ منداڵەکان بوو بە خەمر و ئەرکی شاعیران، هێندێکیان نەك هەر کۆبەرەهەمەکانیان بە شیعری منداڵان ڕازاندەوە, بەڵکو بەرهەمی سەربەخۆیان بۆ منداڵان ئامادە کرد.

**5- بۆ لەتیف هەڵمەت (دایك)ی لە شیعری منداڵانیش کردۆتە چراوگ و مەشخەڵی شیعرەکانی؟**

لەتیف هەڵمەت لەسەرەتای تەمەنییەوە تاکو ئەمر چرکە ساتە (2018)، دایك خۆشەویسترین و نزیکترین بونەوەر و هاوڕێ و دۆستی لە تیف هەڵمەتە، تەنانەت زۆر لە شیعرە دڵداری و ڕۆمانسییەکانیشی سیبەر و سیمای دایکییان پێوە دیارە، چونکە شاعیر درك بەوە دەکات کە بۆ منداڵی کورد تا تەمەنی هەرزەکاری، لە شار و دێ، لە چینی خواپێدا و چینی ڕەش و ڕووتدا، کەس نییە بە قەد دایك ئازیز و دڵسۆز و خەمخۆر بێ و ئاشنایەتی و خۆشەویستی نێوان (دایك و منداڵ و منداڵ و دایك) واڵا و کراوە و سنوور شکێنە. لێرەدا شاعیر ئەمر خاڵەی قۆزتوەتەوە و کاری لەسەر کردووە.

خاڵێکی دیکە کە شاعیر کاری لەسەر کردووە، سەرچاوە و کانگای هەموو ئەو شتانەیە کە لە هەسارەدا هەنە، بەو واتایە هەرچی تۆ دەیبینی دایکێکی هەیە، یان زۆر شت کراون بە دایك، لە دەنکە خۆڵ و نیشتمان، ئەستێرە و مانگ و خۆر، کانی و ڕوبار و دەریا، باغ و چیمەن و دارستان، دڵۆپە و هەور و باران، چرۆ و خونچە و گوڵەباغ، برژانگ و پێڵو و چاو وبینین، هێلکە و هێلانە و باڵندە، حەرف و پیت و وشە... بە واتایەکی دیکە لە شیعر و دیدگای ئەو، تێدەگەین کە دایك فەرهەنگێکی سەربەخۆیە و پێناسەکانی لە ئەژمار نایەن، بۆیە زۆر ئاساییە لە دەقە شیعرێکی داهاتوویدا، شاعیر چەمکێکی نوێتری بۆ ئەو بونەوەرە خۆشەویستە داهێنابێ.

دوایین خاڵیش ئەوەیە کە جیهانی دایك یەکجار فراوانە و پیرۆزیی خۆی هەیە، بۆنموونە جیهانی هەنگ و کۆتر و نێرگز و شەماڵ و پۆل و قەڵەمر و هاوڕێ و بووکەشووشە و چەتر و فرفڕۆکە و کۆلارە و دیلانێ... سنووردار و دیاری کراون، تۆ وەرە هەموو ئەو شیعرانە بخوێنەوە کە دەربارەی (کەو) بۆ منداڵان نووسراون هەست دەکەی کە بۆنوبەرامەیان زۆر لەیەك دەچن: قاسپە قاسپ و خوێندن و خەت و خاڵی بەر سینگ و دەنووکی سوور و چینەکردن و فجۆڕ و سەرکانی و قەدپاڵ... بەڵام کاتێك سەر بە جیهانی دایك دادەگریت، دەبینی سەرەڕای پێکچوونەکان مەودا و فەزایەکی کراوەی زۆر جیاوازیش هەیە.

**بەشی دووەم**

**شیتەڵکاریی زارە و چەمکی (دایك)**

**لە دەقە شیعرەکانی (دیوانی منداڵان)ی لەتیف هەڵمەت دا**

لەتیف هەڵمەت، لە کتێبی (چۆن و چی بۆ منداڵ بنووسین) کە لە ساڵی (2011) چاپکراوە، ئەزموون و بیروبۆچوونی خۆی دەربارەی ئەدەبی منداڵان و شیعری منداڵان بە خەست وخۆڵی شیکردۆتە، دەکرێ ئەم کتێبە وەك مانەفێستی ئەو شاعیرە بۆ شیعری منداڵان وەربگرین. شاعیر هۆکاری نووسینی شیعری مناڵان بۆئەوە دەگەڕێنێتەوە، واهەست دەکات ئەو هەرمناڵە، هەست ناکات گەورە بووە، هەست دەکات مناڵە و بۆئەوان دەنووسێ، دەزانێ ئەوان چیان بەدڵە. قۆناغی سەردەمی منداڵی کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر دید و تێڕوانینی ئەو هەیە و هەمیشە لەبیری ئەوەدایە، کە قۆناغی سەردەمی منداڵان جوانتر و خۆشتر و ئاسوودەتر بۆ نەوەکان نمایش بکات. لە دیدی ئەو، جوانی و پیرۆزی و خۆشی ئایندە، لە دەست منداڵ دایە، بۆیە بۆ ئەو ئایندەیە دەبێ نەوەیەك پەروەردە و ئامادەبکرێت، پڕ چەك و تفاق بێ و بتوانی ڕابەرایەتی و پێشەنگی نەتەوە و مرۆڤایەتی بکات.

بە زمانی منداڵانیشەوە. زۆر گوزارشتی ئەدەبی لە بارەی سیاسەت و کوردایەتی و زانین و مەعریفە و پەیامە دەروونی و ڕۆحییەکانی گەورەکانی باس کردووە. لە جیهانی منداڵانەوە بەرەو جیهانی مرۆڤایەتی هەنگاوی دیاری ناوە.

گەر بپرسین: بۆ لەتیف هەڵمەت (دایك)ی لە شیعری منداڵانیش کردۆتە چراوگ و مەشخەڵی شیعرەکانی؟

لەتیف هەڵمەت بەم شێوەیە باسی مردنی دایکی دەکات:((دایکم چوو نەوت بکاتە حەمامەکە، کە ئاگری حەمامەکەی دابوو ئەو جمکی کەواکەی کڕی گرتبوو، نەشمتوانی بیکوژێنمەوە، بەبەرچاومەوە بابڵێین عومری خوای کردو مرد.))(هەڵمەت: ر.هەولێر: 2015: 16) ئەو جۆرە مردنەش گەرای ئازارێکی زۆری لەناخی شاعیر هەڵڕشتووە و ئەوەتا بەدرێژایی تەمەنی شیعری بۆدەنووسێ و بۆی دەسووتێ.

لەڕاستیدا پەیوەست بوونی ئێمە بەمەرگ، لەمنداڵییەوە تاکو گەورەیش توشی پەرۆشی ڕۆحی کردووین, چونکە بەبەرچاومانەوە کەسە خۆشەویستەکانمان دەمرن(تایسن: 1378: 54) چجای ئەوەی کەسەکە دایکی شاعیرێك بێت((مەرگی دایك ڕەنگدانەوەیەکی دەروونی بەهێزی لای لەتیف هەڵمەت دروست کردووە))(سلێوە: 2013: 92).

1- دایك: ڕابـەر و پێشـەنگ و مامۆستا

شاعیر لە دەقەشیعرێکدا بە ناوی (دایـکم)دا دەڵێ:

دایکم گلارەی چاومە
هێزی دڵ و هەناومە
دەست چاوم دەشۆرێ
جل و بەرگم دەگۆڕێ
فێرم دەکا دڵ پاك بم
سەلار و هاوڕێی چاك بم
وانەکانم بخوێنم
بەنەرمی خەڵك بدوێنم
لە قوتابخانەو لەماڵ
شەڕ نەکەم لەگەڵ مناڵ
ڕاستگۆبم ڕەوشت جوان بم
دڵسۆزی کوردستان بم
دایە گلارەی چاومی
هێزی دڵ و هەناومی (دیوانی منداڵان، ل8)

شاعیر دەبێتە مامۆستاو هەموو ئامۆژکاریی و ڕێنماییەکانی دایك بە زاری منداڵێك دەگێڕێتەوە. ئەو لێرەدا خۆی دایك و مامۆستا و منداڵەکەیە. دەقەکە باڵاپۆشە بە خەسڵەت و بنەماکانی شیعری منداڵان، زمانێکی سادە و ساکار و خۆشڕەوان، دێڕەکان کورتبڕ و برگە سوار و پڕ ئاوازن، موسیقای دەقەکە لە ریتم(Rythym) و ئاواز(Tone) و ئاوازە (Tune) و هێز(Stress) و ترپە(Flutter)، بە هەردوو شێوە: دەنگی ناوەوەو دەنگی دەرەوە، لە حەرف و وشە و برگەکاندا بەرجەستەن، ئەوە جگە لەو سەروا جوان و

نەرمونیانانەی کە ئاسان ئەزبەردەکرێن. دەقەکە بە سێ سیفەتی بەرز: (ڕاستگۆیی، ڕەوشت جوانی، دڵسۆزیی)قوفڵ دراوە، خەونە مەزن و پیرۆزەکەی شاعیرە بۆ خاك و نەتەوە: سەرەتایی دەقەکە منداڵەکە بۆ ئێمە دەخوێنێ، بەڵام دوای ئەو هەموو ستایشەی دایك بە ئاماژەکردن بە یازدە لە ئامۆژگاری، ڕووی لە دایکی دەکات و بە زمانی منداڵانە شوکرانەبژێری دەکات و پێی دەبێژێ: ( دایە گلارەی چاومی / هێزی دڵ و هەناومی ).

لە دەقە شیعرێکی دیکەدا کە بەناوی (کێ ئـازایە؟)واهاتووە:

ناز کچێکی ڕۆشنبیرە

زۆر رووخۆشەو گەلێ ژیرە

وتی: بابە تکایە

تکام لەتۆشە دایە

بەسە باسی جادووگەر

کچی پەری و دێوی شەڕ

بەسە باسی ئازایی

مرۆڤی لەخۆبایی

ئەمڕۆ مامۆستاکەمان

بۆی گوتین چیرۆکێ جوان

چیرۆکی جەنگاوەرێ

لە دوژمن ڕادەپەڕێ

ئەی بابەو دایەی شیرین

مامۆستامان پێی وتین

یەکێك ئازا و سوار چاکە

گیان دەبەخشێ بەم خاکە

بەسە باسی جادووگەر

کچی پەری و دێوی شەڕ ...(دیوانی منداڵان، ل119)

شاعیر هاوکێشەکە پێچەوانە دەکاتەوە و منداڵەکە دەکات بە مامۆستای دایکی. لێرەدا دەبێ بگەڕێینەوە سەردەمی منداڵی لەتیف هەڵمەت، تا بزانین چۆن سەربووردەی ژیانی لە ئەزموونی شیعری خویدا بۆ پەیامێکی جوانتر تەوزیفکردوە، ئەو دەڵێ: ((ماڵی ئێمە هەمووی باسی فریشتە و مەلەك و موعجیزەی پێغەمبەران و پیاو چاکان بوو... مەلاو خەڵك زۆر روویان لەماڵی باوکم ئەکرد، لەگەڵ باوکما مناقەشەی دینییان دەکرد، هەمیشە من گوێگرێکی باش بووم لەناو ماڵی خۆمان، خەڵکیش دەروێشی ژن، دەروێشی پیاو چیرۆك و سەرگوزشتە و داستانیان دەگێڕایەوە، من گوێم لەوانە دەگرت, زۆرباشم لەبیرە پورە (ڕەعنا)یەك هەبوو دەهات بۆ ماڵمان و هەمیشە چیرۆکی گوێ ئاگردانی بۆ دەگێڕاینەوە.))(هەڵمەت: ر. هەوالێر: 16)

شاعیر دەزانی کە ئێستاش ئەو شتە باوی هەیە، کە منداڵەکانیان بە باسی دێو و درنج دەترسێنن. دیوێکی پەروەردەکاریی دەقەکە، کە دەرسە بۆ مامۆستایان، هەرکاتێ ئەوان توانیان شاگردەکانی خۆیان وا دەرسبدەن، لەماڵەوە پراکتیزەی ئەو شتانە بکەن کە لە پۆل فێرکراون، ئەوا ئەوان لە پیشەکەیاندا کەسانی سەرکەوتوون. شاعیر دەیەوێ ئەو پەیامەش بگەێنێ کە ئەو منداڵێکی ڕۆبۆتی نەبووە هەرچی لەبن گوێدا بخوێندرێت وەریانگرێ.

شاعیر لە دەقە شیعرێکدا بە ناوی(شـیری دایـك) لە دەقی دووەم، خۆی دەکاتەوە منداڵ و تکایەك لە دایکی دەکات و دەبێژێ :

تکایە ئەی دایە گیان

دایە...دایکی میهرەبان

شیری قوتووم مەدەرێ

شیری خۆتم بدەرێ

تۆ بتەوێ و نەتەوێ

شیری تۆم پێ دەکەوێ

گەر دەتەوێ لەش ساغ بم

زوو پێبگەم و هەڵچم

شیری قوتووم مەدەرێ

شیری خۆتم بدەرێ ل268

بەڵام دەقی سێیەمی، دەقە شیعرێکی گەردوونییە (Cosmo Poem ) و دەکرێ تەرجومەی هەموو زمانەکان بکرێت وەك بڵێی شاعیر دایەگەورەی هەموو دایکانی جیهانە و ئامۆژگاری کچە نۆبووکەکەی دەکات لە کاتی یەکەم منداڵ بوونی دا:

(شـیری دایـك ـ 3)

ئەی دایکانی گشت جیهان

شیری خاوێنی دایکان

بۆ کۆرپە تا دوو ساڵان

هەم خۆراکەو هەم دەرمان

بەهێز و پتەوی دەکات

ئاسوودەیی پێدەدات

لەشی گورج و گۆڵ دەکات

ئێسکی توند و تۆڵ دەکات

شیری خۆتی بدەرێ

شیری قوتووی مەدەرێ. (دیوانی منداڵان، ل269)

یەکێك لە کێشە خەفەکراوەکانی مرۆڤایەتی ئیمڕۆ، بڕینەوەی شیری مەمکی دایکە لە کۆرپە و بەکارهێنانی شیری قوتووە. بەداخەوە بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) تا ئێستا لە هەر (3) کورپەی ساوا دووانیان لەشیری دایکیان مەحروم دەکرێن ـ ئەمە بە گشتییە، دەنا لە وڵاتێکی وەکو ئەمریکا لە هەر (200) منداڵ یەك منداڵ شیری مەمکی دایکی دەدرێتێ. ئەوەی جێگەی نیگەرانییە کە دایکەکان بێئاگان لەوەی کە جگە لەوەی شیری مەمکی خۆیان، ساواکانیان لە دەیان نەخۆشی دەپارێزێت و مێشك وهەستەوەرەکانیان باشتر دەگەشێنێتەوە، خودی دایکەکەش لەچەندان نەخۆشی دەپارێزێ، بەتایبەتی نەخۆشی( شێرپەنجەی هێلکەدان Ovarian Cancer ) وە نەخۆشییەك، کە پزیشکان پێی دەڵێن (ئێسکپووکی Osteoporosis). جا خەرجی و مەسرەفی شیرکڕین و کەرەستەکانی و زەرەرەکانیشیان لە لایەکی دیکە). (nlinelibrary.wiley.com/doi/10.1111/mcn.12161/full

شاعیر لەشیعری (جـوانی دایـك)دا دەڵێ:

ئەی دایە چەند جوانی ئەی دایە

بە تۆوە ڕووناکە ئەم هەموو دنیایە

بینینت دەروونم پڕ ئەکا لەشادی

تەماشات خۆشە وەك هەتاوی ئازادی

ئەی دایە دایکی خۆم ئەی دایە

بەتۆوە ڕووناکە ئەم هەموو دنیایە

ئەی دایە دایە گیان دایکی خۆم

بە پێڵوی چاوی تۆ سوێند ئەخۆم

بەلەرەی ئاوازی ناوی تۆ سوێند ئەخۆم

لە ڕێگای وڵاتم بسوتێنم وەکو مۆم

ئەی دایە چەند جوانی ئەی دایە

بەتۆوە ڕووناکە ئەم هەموو دنیایە. (دیوانی منداڵان، ل52)

(ئەی دایە چەند جوانی ئەی دایە / بەتۆوە ڕووناکە ئەم هەموو دنیایە)، ئەمە پەیامێگی جێگری هەمیشە لەسەر زاری شاعیرە کە تەرازووی ژیان تایەکی (جوانی) و تایەکەی دیکەی (ڕووناکی)یە، ئەو کەسەی ئەو جوانییەی لەخۆ گرتووە و دەیبەخشێتەوە، (دایك)ە و ئەو (ڕووناکاییەی) لەو جوانییەوە دەدرەوشێتەوە هەموو دونیا دەگەشێنێتەوە. زۆر وتەوەی وشەی دایك لەم دەقەدا، نیشانەی

بایەخدانی شاعیرە بە مەزنایەتی و پیرۆزی پەیڤەكە، كە بێگومان ئەو مەبەستی دیكەی لەو ئاماژە پێكردنە هەیە، كتومت وەك زیكركردن و تەسبیحاتەكە وایە، تا زۆرتر زیكری خودا بكەی پتر دەڕژێتە ناخی باوەڕدار، كەواتە تا زۆرتر ئەو پەیڤە جوانە لەبن گوێی منداڵ بخوێنی, ئەوا پتر ئاشنا و عاشقی دایكی دەبێ، لێرەدا دایك وەك قوتابخانەو ڕابەرو ڕووگەیەكی پیرۆز وایە، كە ڕۆشنایی بەشاعیر دەدات و مانا بەژیان و بوون دەبەخشێت. شاعیر بەشێوەی شیعری شانۆیش وێنەی دایك دەكێشێ لەشیعری(خۆرێكی گەورەو باخچەیەكی بچووك)زۆر جوان ئەوە بەدەردەكەوێ. لەشیعرەكانی: (پرسیار و منداڵ)، (هاوڕێ)، (دایك و باوك) زۆر جوان باسی دایكی كردووەو وەك مامۆستاو ڕابەر وێنەی كێشاوە.

**2- دایكی نیشتمان و نیشتمانی دایك**

شاعیر لەم ڕشتەیەدا بەرهەمێكی زۆری خستۆتە بەر دیدی منداڵان، بەشێكی زۆری شیعرەكانی بۆ خاك و نەتەوە تەرخان كردووە.

شاعیر لەشیعری (دایك و نیشتمان)دا دەڵێ:

گەڕام سەرانسەری زەوی

پشكنیم زۆر لووتكەو نەوی

نەمدی شوێنێ خۆش و جوان

دڵگیربێ وەك نیشتیمان

گەڕام سەرانسەری جیهان

گوێم گرت لەمەلی دارستان

لە شنەی نوێی بەیانی

لە قوڵەی زیوینی كانی

نەمبیست وشەیە ناسك

وەك وشەی دەمی دایك (دیوانی منداڵان، ل73)

لە ئەدەبی جیهانیدا دەستەواژەی دایكی نیشتمان و نیشتمانی دایك ڕایەڵەیەكی بەهێز و تۆكمەیە لە نێو سەرتاسەری نەتەوە و كۆمەڵگایەكاندا هەیە، بەڵام بە شێواز و گوزارشتی جیاواز. لەتیف هەڵمەت لە دوو وێنەی هونەریكدا، سروشی شیعری خۆی بۆمنداڵەكان لە دەقێكدا نمایش دەكات، دەستپێك و كۆتا وشەی دەقەكە (دایك)ە، واتا بازنەیەكە بە (دایك) دەست پێدەكا و هەر بەویش دایدەخات. ئەم وەستاكارییە، مەغزادارە، سەرەتای هەموو بوونەكان دایكە و كۆتایی ئەویش كۆتایی هەموو بوونەكانە. دەشزانین دایك لە لای منداڵ چەند خۆشەویست و ڕوحسووكە. شاعیر دایكی كردۆتە سەنتەری خۆشترین شوێن و ناسكترین وشە. لە شوێنەخۆشەكەش مەبەستی نیشتمانە و لە ناسكە وشەكەش مەبەستی دایكە، واتا نیشتمان یەكسانە بە دایك. دەكرێ ئەم دەقە شیعرە وەك دەقێكی گەردوونی ڕاڤەی بۆ بكرێت، چونكە نە نشتمانەكە و نە دایكەكەی دەست نیشانەكردووە.

ئەم تێڕوانییەی لەتیف هەڵمەت لە شیعرەكانیدا ڕوانینێكی منداڵانەن یان ڕوانینێكی شاعیرانەیە بە خەیاڵی منداڵ؟ لەڕاستیدا ئەم شیعرانە زمانی منداڵ و بیری منداڵ نین، بەڵكوو خەیاڵی شاعیرە بەدنیای منداڵی و ئیلهامی بیری منداڵ.

لەشیعری (ئاو)دا واهاتووە:

بەدیجلەم وت: تۆ خەڵكی كوێی

ڕەنگت وا ڕوون و ڕەوانە؟

وتی :خەڵكی وڵاتێكم

كە تۆش هەر خەڵكی ئەوێی

دایكم ناوی چاوگەی وانە

وڵاتیشم كوردستانە

منیش وەك تۆ هەموو هیواو ئاواتێكم

یەكبوونەوەی نیشتمانە

منیش وەك تۆ بێزارم

لەم سنوورە دەسكردانە

منیش وەك تۆ بێزارم

لە سێبەری بێگانە. (دیوانی منداڵان: ل231)

منداڵ هەمیشە حەز لە گفتوگۆکردن و ئاخاوتن و پرسیارکردن دەکات، ئەوانەی شارەزاییان لە دەروونناسی منداڵ هەیە پتر لەو نهێنییە ساکارانە ئێدەگەن. شاعیر ئەمەی کردۆتە تەکنیکێکی شیعری تا باشترین کاریگەری لەسەر مێشك و دەروونی منداڵدا هەبێ. ((لەڕێگەی شوێنەوە لەتیف هەڵمەت منداڵانی کورد پابەندی زێدی باب و باپیرانیان دەکات.))(ئیسماعیل: 2008: 140) ئاو لەباوەشی خویدا هەموومان کۆدەکاتەوە: (من، تۆ، وڵات، ژیان). ڕووباری دیجلە بەشێکە لە وڵاتی خۆمان. ئاوی ئەو ڕووبارە ڕوون و سازگارە. سەرچاوەی ڕووبارەکە دەریاچەی (وان)ە. وڵاتەکەمان ناوی کوردستانە. ئاواتەکان هاوبەشن لە نێوان (دیجلە و منداڵە کوردەکەدا). هەردووکیان بێزار و تووڕەن. سنووری دەستکرد وڵاتەکەی تەلبەند کردون. وڵاتەکەیان داگیرکراوە. خەونی مەزنی هەردووکیان (یەکبوونەوەی نیشتمانە)، ئەمەیش سەرباسی دەقەکەیە. ((سەرباس ئەو چەند وشەیەیە کە کرۆکی بابەتێك، داڕشتنێك، بەرهەمێك، هونەرێك، لەخۆیدا چڕدەکاتەوە. یان دەبێتە مۆتیڤی کارێکی ئەدبی یان هونەری))( http://www.dictionary.com/browse/theme) چونکە منداڵ زۆر پرسن و فزوڵین، دەکرێ چەندان پرسیار لەم دەقەدا هەڵێنجن.

لەم دەقەی خوارەوەی شاعیر کە ناونیشانی (خـۆر)ی پێبەخشیوە، بە زمان و شێوازێکی دیکە مەزنایەتی دایك نمایش دەکات و دەڵێ:

خۆری بەیانی هەڵهات
ڕوونی کردەوە وڵات
بیری منیش زۆر ڕوونە
خۆرێکە پڕگەردوونە
دایکم پەروەردەم دەکات
تا دڵسۆزبم بۆ وڵات
منیش بەبیری چاکم
ڕوون دەکەمەوە خاکم
هەتاوەکو بمێنم
تۆوی چاکە دەچێنم.(دیوانی منداڵان، ل72)

هونەرمەند و شاعیر و شانۆنووسی ئیسپانی (پاپلۆ پێکاسۆ 1881 ـ 1973) بەم شێوەیەپێناسەی واقیع دەکات و دەڵێ:((هەرشتێك خەیاڵ بیهێنێتە بەرچاوت واقیعە.))( https://www.pablopicasso.org) لەتیف هەڵمەت ئەو واقیعە خەیاڵاوییەی لە دەقێکی ناسکدا هێندە شاعیرانە داڕشتووەتەوە، کە کۆی منداڵانی جیهان دەتوانن چێژ و خۆشی و سوودی لێوەرگرن. شاعیر ئەمجارەیان (خۆر) و (دایك)ی کردۆتە هەویری دەقەکەی و نانێکی بەتام و لەزەتی لێ دروستکردووە و دەکرێ ناوی لێ بنێین (نانی خۆشەویستی نیشتمان). وردەکارییەکە بەم شێوەیە: شاعیر لەجیاتی گوڵ و باغ و ڕەز و دارگوێز و جەنگەڵ و کانی و ڕووبار، وشەی (خۆر)ی کردۆتە بونیاتی دەقەکە، چونکە خۆر خاوەن ڕووناکی و وزە و گەرمایی و چەندان بەخششی دیکەیە کە بۆ ژیان و بوون و بەردەوامبوون زەرورین. بوون بە خۆر یانی بوون بە بەخشەری بوون و ژیان بە هەموو شتەکانی هەسارەکەی ئێمەوە. ئەوە جگەلەوەی کە منداڵ هەمیشە بەخەیاڵی فراوانی بەرزەفڕێت و خەون و خواستەکانی گەورەن. خاڵی دووەم: شاعیر چونکە بۆخۆی شاگردە بە ئەمەکەکەی دایکی بووە، ئاڵای ڕابەرایەتی و پێشەنگی و دەستپێشخەری لە مامۆستا دەسێنێتەوە و ڕادەستی (دایك)ی دەکات. ئەوەتا کچە نووسەری ئەمریکی (نورا ك. جێمسن Nora K. Jemisin ) لە ڕۆمانی (وەرزی پێنجەم)دا دەڵێ:((لە چاوی منداڵدا، دایك خوداوەندە، هەرچی دەیڵێ و هەرچی دەیکات، بە سۆزداریی و سکاڵایەکانییەوە، بە بەجەرگسۆزیی و ڕقەکانییەوە، بەهێزترین هێزی ئەم گەردوونەن، هەمیشە خۆشەویستییان لێ دەچۆڕێتەوە.))( The Fifith Season, Nora k. gemisin, 2015, Orbit Books, USA, P. 45) ئەو خۆرەی کە ئەو منداڵە شێت و شەیدای بووە، خۆری بیرە، سەرچاوە و بەخشەری ئەو بیرەش دایکە، تیشك و گەرمایی و وزەی خۆری بیرەکە بۆ وڵات و هەموو دنیایە.

3- دایـك: سروشت و ژینـگە:

(ئەلبێرت ئەنیشتاین Albert Einstein 1879 - 1955) دەڵێ: ((بەوردی دیقەت لە سروشت بدە، دواتر باشتر لەهەموو شتەکان حاڵی دەبی.))( http://www.nobelprize.org/nobel_prizes/physics/laureates/1921) ، سروشت و ژینگە زوو بوونە کەرەستەی شیعری منداڵانی کورد، چونکە ئەو تەرزە شیعرە هەمیشە بەدوای دیمەن و وێنەی جوان جواندا دەگەڕێ، سروشتی کوردستانیش هەموو

جوانییەکی لەخۆ کۆکردۆتەوە، بایەخدانی ئەم دوایەش بە ژینگە و دەوروبەر، هۆشیاری ژینگەیی گەیاندە نێو شیعری منداڵانیش، بەتایبەتی کە مەترسییەکانی لەبارچوون و تێکچوونی پێکهاتەکانی ژینگە پتر بوونە باسوخواسی توێژینەوەکان. شاعیری کورد شاعیری سروشتە، ڕەنگ بێ ئەو چوار هۆکارە دروستکەری ئەو حاڵەتە تایبەتمەندە بن: یەکەم:جوانی و دڵگیری دیمەنەکانی سروشتی کوردستان بێنەزیر و کەم هاوتان، تا ئەو ڕادەیە، جوانییەکەیان بە جوانی بەهەشت تەشبێهکردوە.

دووەم:شاعیر کورد نەك لەو سروشتە نزیکە، بەڵکو لەباوەشی ئەوسروشتەدا دەژی. ڕەنگ بێ سروشتی خوداوەندی بۆ شاعیرێك کە لە شاری بەغدا یان قاهیرە یان دوبەی دەژی، هەر لە وێنە و تەلەڤزیۆندا وجوودی هەبێ، تەنانەت مانگەشەوەکانیشیان بە تیشکی گلۆپە تریسکەدارەکانیان خۆمۆش و ڕووبەتەمە.سێیەم: پەیوەندییەکی تۆکمە لەنێوان خەیاڵ و سروشت داهەیە، ئەو سروشتە دڵرفێنانەی کوردستان خەیاڵ بەسەر داروبەردیشدا دەبارێنن, خەیاڵیش کلیکی دەرگای شیعرە.

چوارەم: سروشتی کوردستان لە هەر مانگ و وەرزێکدا بە ڕەنگێك خۆی دەنوێنێ، ئەمەیش زۆرترین ڕەنگ و کەرەستە دەخاتە بەر دەستی شاعیری نیگارکێش. بۆ نموونە شاعیرێکی ئینگلیز هەر زستان و پاییزی هەیە، بەهارەکەی چەند حەفتەیەکە و هاوێنیش نابینێ، ئەمە بۆ شاعیرێکی کەنداوی عەرەبیشی دروستە کە وەرزی هاوین داگیرکەری ڕۆژەکانی ساڵە لەوێ. شاعیری کورد، بەگشتی، وەك ڕابەر و مامۆستا لەخەمی هەموو شتەکاندایە، کەواتە ئاساییە کە بۆ لەتیف هەڵمەت، ئەم دوو جیهانە: سروشت و ژینگە، ببنە هەوێنی چەندان دەقە شیعری منداڵان. ئەمەیش ئاشنایەتییەکی تۆکمەتر لەنێوان شاعیر و منداڵەکان دروست دەکات، چونکە زۆر لەو منداڵانە لە ناوەکانی خۆیاندا، هەست بە بوونی سروشت دەکەن، گوڵەباغ و نێرگز و شەهلا و بنار و بێخاڵ و کوێستان و سازگار و کانی و ڕووبار و ڕێژنە و تەرزە و تاڤگە و ڕەهێڵ و کرێوە و بەهار و هەرمێ و ترێ و چنار و ڕێگا و دەرباز و شاخەوان و ڕێبوار ... تاد. هەمووی بەشێکن لەخۆیان، گوتراوە گوڵ ڕۆحی سروشتە و تاڤگە خەمی دڵ و دەروون دەشواتەوە، کەواتە جگە لە بەخشینی چێژی جوانی، جۆرە هێمنی و ئارامییەکی دەروونیش بە منداڵ دەبەخشێ، خۆ ژیان هەر نان و مەعریفە نییە، بۆنی گوڵەباغ و گەرمی خۆرەتا و ساردی بەفر و بۆنی خۆشی سرووە و شەماڵیش پێویستن بۆ ژیان.((گەڕانەوە بۆ سروشت، واتای گەڕانەوەیە بۆبنچینەی ئینسانییەت.))( پروت: 1390: 80) وتاربێژی پێشکەوتووخواز (هێنری ورد بییچەر Henry Ward Beecher 1813 - 1887)

دەڵێ : ((هونەرمەند فڵچەکەی دەستی لە نێو ڕەنگدانی ڕۆحی خۆی وەردەدات، تا سروشتی خۆی لە تابلۆکاندیدا بنەخشێنێ.))( - https://www.biography.com) ئەگەر فڵچەکە بکەین بە قەڵەم ئەم وەسفە بۆ شاعیریش شیاوە. لەتیف هەڵمەت دەیان دەقی سروشت ڕەنگ پۆشی بۆ منداڵان نووسیوە و سروشتی ڕۆحی خۆی تێدا نەخشاندوون. با بزانین (دایك)، سەرقافڵە و پێشەنگەکەی لە تیف هەڵمەت، لەم ڕشتەیەدا چ ڕۆڵ و ئەرکێکی گرۆتۆتە ئەستۆ.

ئەو لە دەقەشیعری (جەژنی درەخت) دەبێژێ:

دایە جەژنی درەختە
بەسەرچوو سەرما و شەختە
با چەند نەمامێك بێنین
لە حەوشەدا بیچێنین
نەمامی هەنار و توو
عەرعەر و قۆخ و سەروو
من بەیانیان گشت دەمێ
تێرتێر ئاویان دەدەمێ
کە پەل و پۆ دەردەکەن
مەل لانەی لەسەر دەکەن
ئاسۆی بەرە بەیانی
پڕدەکەن لەگۆرانی
دایە جەژنی درەختە
بەسەرچوو سەرما و شەختە...!(دیوانی منداڵان،ل77)

لە شیتەڵكاریی دەقە هەڵبژاردراوەكانی ئەم بڕگەیەدا، دەگەینە ئەم ئاكامانە:دایك ئەركی خزمەتكردنی ژینگە و جوانكردنی سروشتی پێدراوە و ئەویش جەرگسۆزانە ئەو ئەركە جێبەجێ دەكات. لێرەش هەقمانە بپرسین بۆ شاعیر (دایك)ی كردۆتە جێبەجێكاری ئەو ئەركە؟ لە خۆشی و ناخۆشییدا، لە پاڵ سروشت، منداڵەكان دایكیان هەر لەبیرە و زۆرجار هانایان بۆ دەبەن، یان بانگیان دەكەن. شاعیر هەوڵدەدات بە حزووری دایك، دیمەن و ناوەرۆك و پەیام و ئاوازی دەقەكان دەوڵەمەندتر و ڕەنگینتر بكات. دەبینی لە جیاتی مامۆستا و باوك و هاوڕێ، منداڵەكە داوا لە دایكی دەكات، یارمەتی بدات لە چاندنی نەمامێك لە ڕۆژی جەژنی دارودرەختدا. چەند بە وردی گرنگی نەمام و درەخت چاندنی خستۆتە ڕوو و ئەرك و واجیبی منداڵەكەشی لە پەروەردەكردنی ئەو نەمامەدا نیشانداوە.

لە دەقێكی (چڵ و وڵاتی گوڵە)كە لەوێشدا، دایك ئەركی باغەوانی دراوەتێ، سێ جار ناوی (گوڵەباغ) پاتبۆتەوە، جوانی ئەویش شوبهێندراوە بەپێكەنینی منداڵ. جوانترین وێنەی هونەری دەقەكەش لەم سێ وشەدایە( چڵ وڵاتی گوڵە)، دەكرێ ئەو منداڵانە هەر بەو چڵانە بشوبهێندرێن. شاعیر دەڵێ:

ڕۆژێ دایكی خەڵات هات
گوڵە باخی گەورەی چان
بۆن و بەرامەی گوڵە باخ
خۆشی دەدا بە دەماغ
گوڵە باغی ڕوومەت ئاڵ
پێئەكەنی وەك مناڵ... (دیوانی منداڵان، ل54)

دەمێكە فۆلكلۆری كوردی، دیاردە سروشتییەكانی بە چەندان بار قۆزتۆتەوە و سوودی لێوەرگرتوون، بۆنموونە بەفر بارین، جگە لە ڕاو و بان ماڵینەوەو و خواردنی بەفرودۆشاو و شێرە بەفرینە دروستكردن و شەڕەبەفریش زۆر باوە. بڕوانن لە گەرمەی ئەم شەڕەبەفرە خۆشەدا، منداڵەكە هاوار دەكاتە دایكی. بێگومان شاعیر لێرەدا، دەروونناسانە كاری كردووە, تا منداڵ یاری بكات و دوور بێ لە گۆشەگیریی و تەنیایی و خەمۆكی. شاعیر لە شیعری (بەفر بارین)
دەڵێ:

...گورج پیاكێشە پێت ئەڵێم
ئای دایە گیان بناگوێم
ئەها دەستیان لەگۆ چوو
دەی هێرش كەن زوو بە زوو
ئای لەم بەفرە باریووە
زەوی یەك پارچە زیووە (دیوانی منداڵان، ل39 )

هێندێ جار شاعیر خۆی دەكات بە منداڵ و هێندێك جاریش سەردەمی منداڵی خۆیمان بۆ نمایش دەكاتەوە، دایك لەگەڵ سروشت و دار و درەخت و گوڵ و باران و درەختیش هەمیشە وجودی هەیەو ئاوێتەی سروشتە.

شاعیر لەشعری (یاری)دا دەڵێ:

هەیاران و مەیاران
سەرانسەری كوردستان
پڕبێ لەگوڵی جوان جوان
ئەی هەورەكە گیان گیان
سەرانسەری نیشتمان
پڕكە لە گوڵی نیان
قەڵا قەڵا ...خودایە گیان
سەرانسەری كوردستان
پڕبێ لەخەندەی مناڵان
لایە لایە ...لایە لایە دایە گیان

لە خوامر دەوێ نیشتمان

پڕبێ لەخەندە و لە نان(دیوانی منداڵان، ل235)

شاعیر یاریی فۆلکلۆری کوردی، فێرە منداڵان دەکات، دەکرێ مامۆستا لە قوتابخانەدا، یاریی ( هەیاران و مەیاران)یان بۆ پراکتیزە بکات و کەش و هەوای پۆلیش بگۆڕن، لێرەدا شاعیر دایکی لەبیر نەکردوە و لەسەر زاری منداڵەکەوە، گوتەیەکی دایك کە (لایە لایە)یەدووبارە دەکرێتەوە. دایکی شاعیر کۆچی دوایی کردووە، شاعیر لە نەستی خۆی وای پیشاندەدات کە دایکی نەمردووە، ئەو دایکەی هەزارەها جار بە لایەلایە و دەنگە زوڵاڵەکەی شاعیری خەواندووە، ئەوا ئێستا ئەو لایە لایە بۆدایکی دەکات. شاعیر دیاردەکانی سروشتی ئاوێتەی سۆز و خۆشەویستی دایکی کردووە. (( لەمر ڕۆژگارەشدا کە زۆرترین قوربانییەکانی شەر و ئاڵۆزییە چەکدارییەکانی جیهان ژن و منداڵن، بە پێچەوانەی جاران کە زۆربەی قوربانییەکان سەرباز بوون، ژمارەیەکی زۆر منداڵ بێدایك دەبن و ژمارەیان رۆژ لەدوای ڕۆژ لە بەرزبوونەوەدایە.))( الدولیه: 2015: 13 ) بۆیە ڕۆڵی شاعیر لە جاران قورسترە.

**4- دایکی گیـاندار و تـەیروتـواران :**

دەروونناس دکتۆر (هەڕۆڵد هێرزۆگ Harold Herzog) لە (Western Carolina University) دەربارەی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و گیانداران دەڵێ:((من لە ژیانمدا هەمیشە ئاشنای گیانداران بوومر و پەروەردەمر کردوون، لەو کەیف و خۆشییە تێدەگەمر کە ئەوان بە ئێمەی دەبەخشن.))( Herzog, 2011, P 285) مەزراندنی ئەو هەموو گیاندار و تەیروتوارەش لە شیعری منداڵاندا لە لایەن لەتیف هەڵمەتەوە، جەختکردنە لەو بایەخ و بەهای ئەو شیعرانە، کە ئەو لە ڕێی گیاندارەکانەوە دەیخاتە بەرچاوی هەمووان. ئەو زۆر بە وردی کاری لەسەر زانستی (Anthropomorphism) کردوە، ئەو زانستە تایبەتە بە مرۆڤکردنی ئەو شتانەی کە مرۆڤ نین، وەك گیاندار و تەیروتوار و دارودرەخت و شاخ وداخ و ڕووبار و مانگ و ستێرە...تاد

شاعیر لە بەشێك لە دەقەکانیدا، زمانی وەبەر گیاندارەکان هێناوە و ئەوانیش وەك ئێمە قسە دەکەن و پێدەکەنن و پرسیامان لێدەکەن و پرسیارییان لێدەکەین و بە خوشك و برا و هاوڕێی خۆمانییان دەزانین. دەربارەی (دایك) لەمر شیعرانەدا، گەر بڵێین دایکانەی تەیروتوارەکان و دایکی گیاندارەکانی دیکە، لە کەو و کۆتر و سمۆرە و کەروێشك و ئاسك و کەڵەکێوی و پڵینگ...تاد، هەموویان (سەعدییە خانی دایکی لەتیف هەڵمەت)ن، بەراوەردکردنەکەمان ماقووڵ و پەسندە، چونکە هەرچی ئەو خۆشەویستی و ئەمەکداری و دڵپاکی و ئەستۆپاکی و خۆنەویستی و مرۆڤدۆستییەی ئەو دایکە بە کوڕەکەی واتا (لەتیف هەڵمەت) بەخشیووە، لێرەدا جارێکی دیکە ئەو کوڕە هەموو ئەو خۆشەویستی و ئەمەکداری و دڵپاکی و ئەستۆپاکی و خۆنەویستی و مرۆڤدۆستییەی بە دایکی ئەو گیاندار و (دایکانە)ی تەیروتوارەکان بەخشیووە. ئەمەیش ڕاستگۆیی ئەو گوتەیە ساخدەکاتەوە کە دەڵێ: (ئەدەبی باڵا، ئاوێنەبەندی واقیعە.) شاعیر لەشیعرێکدا بەناونیشانی (بەچکە چۆلەکە)دەڵێ:

دوێنێ دەمەو ئێوارێ

بەچکە چۆلەگەی سەرداری

لەلانە کەوتە خوارێ

گریا و کەوتە جووکە جووك

وتمر چۆلەکەی بچووك

مەگری ئەی بێ باڵ و تووك

من بەڵێنت دەدەمێ

دەتپارێزمر گشت دەمێ

دان و ئاوت دەدەمێ

کە دایکەکەی گەڕایەوە

منی بینی لەلایەوە

بەدەورمدا سووڕایەوە

وتی سوپاست دەکەمر

هەزار سوپاس هاوڕێکەمر

پاراستووتە بەچکەکەمر (دیوانی منداڵان، ل253)

دەبینین کە  لە نێو وشەکاندا سێ دایك  وجودیان هەیە، ئەوەی دیارە و وەکو خۆمان قسە و ڕەفتاری جوان دەکات، دایکی بێچوە چۆلەکەکەیە، دوو دایکە نادیارەکەی دیکە، یەکیان دایکی شاعیرە، کە هەمان ڕەفتاری بۆ منداڵەکەی دەکرد، کە تەنیا دەبوو و لە باوەشی دەکرد و مەمکی دەدایە و دەیپاراست. دایکی سێیەمیش، دایکی منداڵەکەیە، کە ئەم شتانە دەبیستێ، باوەشی دایك و نانی دایك و سۆز و لاوانەوەی دایکی خۆی وەبیر دێتەوە.  لێرەدا جگە لە شاعیر سێ کارەکتەریش قسە دەکەن: منداڵەکەی ڕووداوەکەی بینییوە و بۆمان دەگێڕێتەوە. بێچووە چۆلەکەیەکە کە دەگری و جووکەجووك دەکا، دایکانەکە کە بە دەوری منداڵەکە دەسوڕێتەوە و سوپاسی دەکات.داڕشتنی دەقەکە لە شێوەی  کۆپلەی سێ بەندیی حەوت بڕگەییدا، مۆزیك و هارمۆنی و جوولەیەکی جوان بە خوێنەر دەبەخشێ و پتر دەقەکە لە گۆرانی منداڵان دەچێ.

شاعیر لە شیعری  (چۆلەکەی سەر دارەکە)دا دەڵێ:

بۆچی پێم ناڵێی دایکە

کوا چۆلەکەی سەردارەکە؟

جاران دەمەو ئێوارە

دەنووست لەسەر ئەم دارە

بەرەبەیانیش زوو زوو

دەیچریکاند چەندێ خۆش بوو؟

+ چونکە بەردت هاویشت بۆی

دڵی لێت زوویر بوو ڕۆی

چۆلەکە لەجێیەك نانوێ

مناڵ بەردی تێبگرێ

-بەڵێن بێ تاکو دەمرم

بەرد لەچۆلەکە نەگرم (دیوانی منداڵان، ل328)

دەروونناسان جەخت دەکەنەوە، کە منداڵ بکەنە هاوڕێی خۆتان، ئەگەر زانی دڵی تۆی شکاندووە. زوو پەشیمان دەبێتەوە و بۆخۆی دێتەوە باوەشت. ئەمە لە پرۆسەی فێرکردن و پەروەردەکردنیشدا، دروستە، کاتێك شاگرد هەستی کرد مامۆستاکەی، وەك هاوڕێیەك لێی زوێر بووە، زوو دەچێ  ئاشتی بکاتەوە. شاعیر هەمان فەلسەفەی بەکارهێناوە و دەڵێ: چۆلەکەکەی سەردارەکە نایێتەوە، چونکە تۆ بەردت تێگرت ئەویش  (دڵی لێت زوویر بوو ڕۆی) . بۆیە زوو منداڵەکە لە کردارە لاسارەکەی پەشێمان دەبێتەوە.

لەدەقی (فـڕیـن)دا شاعیر دەڵێ:

-  فڕی ...فڕی  کەروێشك فڕی

سنووری ئاسمان بڕی

+ کەروێشك نافڕێ،  نا ... نا

بازدەدات و رادەکا

-فڕی ...فڕی گوڵ فڕی

بەرەو ئاسمان بەگڕی

+  گوڵ  بێ باڵە نافڕێ

لەسەر لقی دار دەنوێ

-بوکە شووشەکەم دەگری

دەگری دەگری بۆدایکی

-بووکە شووشە دایکی نییە

نازانێ گریان چییە.

بەدرێژایی  ڕۆژ و ساڵ

پێدەکەنێ  بۆ منداڵ

منداڵەکانیش دەبێ

ئەویان زۆر زۆر خۆش بوێ (دیوانی منداڵان، ل244)

جار هەیە لەتیف هەڵمەت منداڵ دەبێتە، لەم دەقەی سەرەوەدا شاعیر تەكنیكێكی تازەی بەكارهێناوە، جارێك شاعیرو منداڵە و فاماكات و پتر خەیاڵاوی شتەكان ڕاڤەدەكات، پاش دەمێكی كەم وەك ئاقڵ و باڵغ قسە دەكات و زیرەكانە خۆی نیشاندەدات. ئەم دەقە مەتەڵئامێزە، دوو نیشانە بە تیرێك دەپێكێ. لە لایەك دەرگای خەیاڵ و خەون بەڕووی منداڵان دا دەكاتەوە و دەیانباتەوە جیهانی فلیمەكانی كارتۆن و فانتازیا (فڕی ...فڕی ...فڕی كەروێشك فڕی/ فڕی ...فڕی گوڵ فڕی / بوكە شووشەكەم دەگری)، لە لایەكی دیكە مامۆستاكان فێر دەكات، چۆن ئەم تەكنیكە لە پرۆسەی فێركردنی منداڵان پەیڕەو بكەن، واتا منداڵەكان بە ئاقڵتر لەخۆیان دابنێن و شتەكان پێچەوانە بكەنەوە، وەك ئەوەی بڵێن: (3 + 3 = 8) ، وانییە؟ ئەوانیش بە پێكەنینەوە دەڵێن: ( نا،مامۆستا، دەكاتە 6).

لەم دەقەدا، سێبەرێكی خەماویی شاعیر دیارە، چونكە خۆی هەست بەبێ دایكی دەكات، دەیەوێ هۆكاری گریانی بوكەشووەكە، بكاتە هنجەت، كە ئەو بۆ دایكی دەگری! ئەمەش شتێكە لە نەستی شاعیرەوە هەڵقوڵاوەو بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ خۆی هەستی پێبكات. (3) جار پاتكردنەوەی فرمانی (دەگری)، سەختی و دژواریی باری دەروونی شاعیر، لە دووریی دایكیدا نیشان دەدات. هەرچەندە دەیەوێ منداڵانیش لەسەر پێكەنین و خۆشەویستی ڕاپێنێ.( بەدرێژایی ڕۆژ و ساڵ / پێدەكەنێ بۆ منداڵ). ناونیشانی دەقەكە، (فـڕیـن)، تۆنێكی بەهێز و وزەیەكی شاراوەی پڕ لە سیحر و خەیاڵی تێدایە و زۆر دەرگا و پەنجەرە لە هزر و لێكدانەوەی منداڵ دروست دەكات، لە هەمان كاتیشدا، شاعیر هەست بە ختووكەیەكی خۆشی دەكات، چونكە ئەو پتر خەریكی فڕینە و دوورە لەسەر زەوی.((خەیاڵ پێكهاتەیەكی سەرەكی و كرۆكی شیعرە)) كدكنی: 1395: 9) شاعیریش لەڕێی گەمە خەیاڵییەكانی خۆیەوە شیعرەكەی داڕشتووە. دكتۆر (علی الوردی) دەڵێ: (( پاڵنەرە بێئاگاییەكان، بەهێزترین مۆتیڤن بۆ چارەسەركردنی كێشە دەروونییەكانی مرۆڤـ لێرەدا گرنگی مامەڵكردن لە گەڵ مندال و دەروپشتی دەستنیشان دەكرێ.))( الوردی: 2013: 167).

5-دایـك و خـەون و شـیعری منداڵان:

دەروونناسی پسپۆڕ لە زانستیی خەون ـ سەرۆكی پێشووی (كۆمەڵەی نێودەوڵەتی بۆ لێكۆڵینەوەی خەون ISDA)، (ڕۆبێرت وەگونRobert Waggone ) لە كتێبی (خەوبینینی ڕۆشـن Lucid Dreamimg ) ـ 2009ـ، زۆر لەگۆشە تاریكەكانی خەون و خەوبینین ڕوناك دەكاتەوە. وشەی (Lucid) بە مانای (ڕۆشـن، ئاشكرا) دێت, بەڵام وەك زاراوەیەكی زانستی خەون، مەبەست لەو (خەونەیە كە خەوبین تا ڕادەیەك لێی بەئاگایە و هۆشیارە و لەكاتی خەونبینینەكە جۆرە دەسەڵاتێكی بەسەر ڕووداو وئەكتەرەكانی خەونەكەدا هەیە). لێكۆڵینەوەكان جەخت دەكەنەوە كە "خەون پرۆسەیەكی فیسیۆلۆژی و دەروونی و ئەقڵییە، سیخناخە بە سۆز و ڕەنگرێژە بە ئەزموون، ناوەرۆكەكانی بیرۆكە و هەستەوەریی و بیرەوەریی و ژیانوێنەنە، لە بۆتەی ڕوودا و بیجمەكانی جیهانی خەون خۆیان دەردەبڕن، ئەم پرۆسەیە ڕۆمانێكی (واقیعێكی) نەبینراو بەرهەمدەهێنێ، كە دەكرێ وەك ئەزموون و ڕایەڵەكانی ژیان مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێت."( , P. 23 : Robert,Waggoner,2009)

ئیمڕۆ شیتەڵكارییەكانی خەون هاوتەریب لەسەر دوو ئاستدا ئەنجامدەدرێن: ئاستی زانستییانەی دەماریی (Neuroscientific) كە پەیوەستە بە پرۆسەی (جوولەی خێرای چاو REM) وە ئاستی شیتەڵكاریی دەروونی (Psychoanalytic) كە سەرقاڵە بە لێكگرێدانی خەونەكان بە كەسێتی و هەڵس وكەوت و مێژووی ژیانی خەوبینەكە.

سەرەڕای پێشكەوتنی مەزنی زانست و تەكنەلۆژیی سەردەم، هێشتا زۆر لایەنی شاراوەی خەون ماوە نێبیگەین، دەگوترێ بۆیە خەون دەبینین تا حەز و ئارەزووەكانمان لە جیهانی بێئاگاییدا وەدیبێنین. تا هێندێ كۆدی ئاڵۆزی مێشك بكەینەوە. تا ئەوەی لە ڕۆژدا بینیومانە لە خەودا یادی بكەینەوە. هەروەها دەگوترێ خەون، وەرزش و ڕاهێنانی چارەسەرانەی دەروونە (Psychotherapy).(سەرچاوەی پێشوو: 44)

ئەوەی لێرەدا پەیوەستە بە لێكۆڵینەوەكەمان ئەوەیە كە:

- خەون بیرەوەری و یادەوەری لە مێشكدا جۆشدەداتەوە.
- خەون بەئاگاهێنەرەوەی ڕووداوە بەئاگاییەكانی مێشكی مرۆڤە لە جیهانی بێئاگاییدا.
- خەون زۆرجار سەرچاوەیەكی بەخوڕی داهێنان و ئەفراندنی هونەریی و ئەدەبی و زانستییە.
- منداڵ و پیرەكان، پتر خەون دەبینن و لە نێو ئەوانیشدا ڕەگەزی مێینە پتر خەونبینە.
- لە خەوندا هەمیشە (3) ڕەهەندی جێگیر هەیە: ئەزموونەكانی ئێستا، ڕووداوكانی ڕۆژگاری ڕابردوو، ئامادەكاریی بۆ ئایندە.( سەرچاوەی پێشوو: 64)

• خەون یارمەتیمان دەدات باشتر لە هەستەکانی خۆمان تێبگەین و بیروباوەڕ و بەهاکان باشتر هەڵبسەنگێنین و کۆدو شفرەی خەونەکان جوانتر ڕاڤەبکەین لێکدانەوەیان بۆ بکەین، بەتایبەتی کە هەنە بۆ پێشبینی و لێکدانەوەی غەیب باوەڕیان بە خەون هەیە.( psychologytoday.com)

لەتیف هەڵمەت، لە کۆبەرهەمە شیعرییەکەیدا، مامەڵەی لەگەڵ خەونکردووە و لە دوو سەرەوە سوودی لێوەرگرتووە: وەك مرۆڤە ئاساییەکان و وەك شاعیرێکی هەستەوەر و بەئاگا. چونکە ئەو زۆر خۆی بە جیهانی منداڵەوە سەرقاڵ کردووە، هونەری تەوزیفکردنی خەونی لە دەقەکانی شیعری منداڵان بەرجەستە کردووە. ئەوەشمان لەبیر نەچێ لە نێوان و خەون و خەیاڵدا پەردەیەکی تەنك، وەك باڵی مێش، هەیە، فازیل شەوڕۆ لە کتێبی ( ڕەهەندەکانی خەون لە شیعری کوردیدا) بەم شێوەیە ئاماژەی بەم خاڵە کردووە و دەڵێ: (( ئەگەر چی خەون دەرهاویشتەی پرۆسەیەکی فسۆلۆژی و سایکۆلۆژییە و بەدەر لەئیرادەی مرۆڤە, لە کاتێکدا خەیاڵ بەرهەمی پرۆسەیەکی رێك و پێکی مێشکە))( شەوڕۆ: 2012: 54)

ئاوێتەکردنی سێ جیهانی جیاواز لەیەك جیهانی یەگکرتووی پەیامدار، کە دەقە شیعرەکە، کارێکی ئاسان نییە ئەگەر ئەزموونداری و کارامە و بەهەرمەند نەبی و زەحمەتە شاکاری ئەدەبی سەرکەوتووی لێ وەبەرهەم بینی. بە پشتبەستن بەو زانیارییانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، دەبینین چۆن شاعیر کاری لەسەر ئەم سێ جیهانە کردووە:

یەك: جیهانی سەردەمی منداڵی شاعیر: لێرەدا بیرەوەری و یادەوەری گرنگ و پێویستن. ئەمەشمان لەبیر نەچێ سەردەمی منداڵی شاعیر سیخناخە بە حیکایەت و چیرۆك و بابەتی فۆلکلوری,( وەك خۆی باسی دەکات.)

دوو: جیهانی خەون: ئەو جیهانە بەفراوانە بێسنوورەی کە هەموو دەرگاکانی بەڕووی شاعیردا کراوەیە. (گەرچی نازانین ئەم خەونەی لەم دەقە ئاماژەی پێدراوە، ڕاستە یان هەڵبەستراوە!)

سێ: جیهانی خەون و خەیاڵی منداڵ: چونکە منداڵ خەوبینێکی چالاکە لە کاتی بەئاگایی و بەخەبەریشدا زۆر خەون دەبینێ، شاعیر کاری ئەدەبی لەسەر ئەو بنەمایە کردووە. بڕوانن فلیمەکانی کارتۆن هەموویان ڕەنگرێژن بە خەون و خەیاڵی جیهانی منداڵ.

لەم دەقەی خوارەوە پەیامگر بە ئاسانی هەر سێ جیهانەکەی سەرەوە دەبینێ و درکیش بەوە دەکا کە شاعیر چەندە خۆی منداڵ کردۆتەوە بۆ ئەوەی بە جوانترین شێوە پەیامەکەی بگەێنێ، هەروەك (لۆرین باکۆل Lauren Bacall) دەڵێ:" یا ئەوەتا من خۆم دەخەمەوە باوەشی منداڵێم، یان منداڵیی بۆخۆی دێتەوە باوەشم، ئەمەش حەزە خۆشەکەی منە". (http://www.goodreads.com)

پێش ئەوەی دوو قسەش لەبارەی (دایك)ەوە بکەین، فەرموو دەقەکە بخوێننەوە:

(نا..شەڕی سێیەمی جیهانیمان ناوێ)

نەنکم گێڕایەوە وتی لەکاتی شەڕی دووەمی گێتیدا  
مناڵ بووم گوندەکەمان بۆردومان کرا و هەمووممان داممان  
بەکەژ و کێودا و هەریەکەمان لە پەنایەکدا لە ناو  
ئەشکەوتێکدا خۆمان ماتدا و تەرتەر وەرتە بووین..  
شەو بوو لەپەنای دار بەڕووێکدا خەوم لێکەوت  
خەونم دی..لەخەوما پیاوێکی نوورانی ڕیش سپی  
لە لامدا وەستا...ئەو پێکەنی و منیش پێکەنیم...  
لێی پرسیم:  
-من دەناسی..؟  
وتم: نا ناتناسم..  
وتی: من شای هەموو پەری و فریشتەکانی ئاسمانم  
وتم: دایکم هەموو جارێ باسی پەری و فریشتەکانی  
ئاسمانی بۆ دەکردم... من پەری و فریشتەکانی  
ئاسمانم زۆر خۆش دەوێ...  
وتی: چی دەکەی بەتەنیا لێرە چی دەکەی..!  
وتم: فڕۆکە گوندەکەمانی خاپوور کرد و لەو شاخ و

داخانەدا دەربەدەر بووین..

وتی: وەرە لەگەڵما دەتکەم بەکچی خۆم...دەتکەم بە

خانمی هەموو پەری و فریشتەکانی ئاسمان...دوو

شاباڵی زێڕینی درێژی مرواری ڕێژت دەدەمێ

بۆخۆت لە سەرانسەری شینایی ئاسماندا بفڕە و بڕۆڕە ناو

ئەو ئەستێرە گەورە و دوورانەوە کە لە زەوییەوە

بە چاویش نابینرێن...(دیوانی لەتیف هەڵمەت: 20-26)

ئەگەر ئێمە باسی دایک بکەین لەو شیعرانەی بۆ مندالان نووسراون، جیبایە لەو جیهانەی باسی خەونی منداڵ دەکات، چونکە لای لەتیف هەڵمەت ڕاستە گێڕانەوە و باسی منداڵە، بەڵام لێکدانەوە ڕاڤەکان ڕەهەندێکی هزریان هەیە، دەکرێت لە ئاستی دیکەی دەرەوەی خەیاڵی منداڵ و تێگەیشتنی منداڵان ڕاڤەیان بۆ بکرێت. ئەمە وەک تایبەتمەندییێکی بابەتی ئەدەبی منداڵان لای لەتیف هەڵمەت. ئەم دەقەش زیاتر منداڵانی سەرووی دە ساڵی چێژی لێوەردەگرن و لێی تێدەگەن، چونکە ڕستەکان درێژن و خەیاڵەکانیش پەرتن و کەمەزانیارییەکی دەرەوەی شیعرەکەی دەوێ بۆتێگەیشتن. بۆ مێردمنداڵان گونجاوە.

بونیاتی ئەم دەقە کۆشکێکی شەش نهۆمییە، لە هەر نهۆمەی خەونێك دانیشتووە و بە تێکرای شەش خەونەکە، دەقێکی سازدەکەن. دەقێکە گەورەکانیش چێژی لێ وەردەگرن:

نهۆمی یەکەم: خەونی شاعیر: گەڕانەوە بۆ بیرەوەرییەکی سەردەمی منداڵی و تەوزیفکردنی ئەو بیرەوەرییە لە کارێکی ئەدەبی مەبەستدار.( نەنکم گێڕایەوە وتی لەکاتی شەڕی دووەمی گێتیدا).

نهۆمی دووەم: خەونی نەنك: ئەم خەونەش لە سەردەمی منداڵییەوە لە هزر و زەینی ئەو داپیرە چێگیر بووە و بۆتە کەرەستەی ئەم دەقە شیعرە (مناڵ بووم گوندەکەمان بۆردومان کرا و هەمووومان دامان/ بەکەژ و... ).

نهۆمی سێیەم: خەونی خەون: ئەمە پەخشانە خەونەکەیە کە وای پیشان دەدا داپیرە بینیوویەتی.( خەونم دی...لەخەوما پیاوێکی نوورانی ڕیش سپی...).

نهۆمی چوارەم: خەونی دایك: لێرەدا شاعیر, جگە لە بایەخدان بە پایە و مەقامی دایك، پێمان دەڵێ، نەنکیشی، دایکی خۆی خۆشویستووە و گوێی لێڕاگرتووە، دایکی بەستۆتەوە بە پەری و فریشتەی ئاسمان، کە لە دایکییەوە ئەو نەنکە ئەوانی خۆشویستووە. ئەو دایکەی شاعیر باسی دەکات ئەو دایکی خۆیەتی، بەڵام بەمەجاز ئاماژەی پێدەکات، لێرەدا سێ ئەلقە هەیە: داپیرە گەورە، نەنە، دایکی شاعیر کە باس نەکراوە.. ئێ خۆ شاعیر لە ئاسمان نەکەوتۆتە خوارەوە، لە نێوان ئەو و ئەو نەنکەدا، حەتمەن دایك بوونی هەیە.( دایکم هەموو جارێ باسی پەری و فریشتەکانی ئاسمانی بۆ دەکردم).

نهۆمی پێنجەم: خەونی ئێستا: خەونی جیهانی بەئاگا. وا دونیا وێران دەبێ و جەنگی سێیەمی جیهانی بەڕێوەیە. ئەمەش ڕەهەندێکە لەو سێ ڕەهەندەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا.( فڕۆکە گوندەکەمانی خاپوور کرد و لەو شاخ و..) جا ئەمە واقیعێکی ئێستا کوردستانە فڕۆکەکانی تورك و فارس و عەرەب ڕۆژانە بۆردومانمان دەکەن لە ( تورکیا و ئێران و سوریا و عیراق).

نهۆمی شەشەم: خەونی منداڵەکان: شاعیر دەیەوێ ئەو پەپوولانە لەم دۆزەخەی سەر زەوی ڕزگار بکات و ئایندەیەکی خۆشییان بۆ دابین بکات، ئەو تەواو لە مرۆڤەکان نائومێدە، بۆیە ئەو منداڵانە بە خەون بەو ئاسمانە وەك باڵندە بەڕەلا دەکات.( بۆخۆت لە سەرانسەری شینایی ئاسماندا بفڕە و بڕۆڕە ناو/ ئەو ئەستێرە گەورە و دوورانەوە کە لە زەوییەوە/ بە چاویش نابینرێن...)

ئەو تەکنیکەی پتر منداڵەکان بە دەقەکەوە دەبەستێتەوە زمانی دەقەکەیە، کە زمانی گێڕانەوەی حیکایەتی منداڵانە، شاعیر بەتەواوی منداڵ بۆتەوە و خۆی بەیەکێك لەوان دەزانێ، ئەوە جگە لەو زنجیرە ڕووداو و کارەکتەرانەی وەك (شەڕی سێیەمی جیهانی/ نەنکم گێڕایەوە/ مناڵ بووم/ گوندەکەمان بۆردومان کرا/ ئەشکەوت/ پیاوێکی نوورانی ڕیش سپی/ پەری و فریشتەکانی ئاسمان../ شاباڵی زێڕین/ سەرانسەری شینایی ئاسمان/ بفڕە و بڕۆ/ ئەو ئەستێرە گەورە و دوورانە). جوانترین وێنەی هونەریش لە دەقەکەدا ئەمەیە (..دوو شاباڵی زێڕینی درێژی مرواریڕێژت دەدەمێ). ڕەنگ بێ هەموو منداڵێك خۆی وادابنێ ئەوا ئەوە ئەو شاباڵانەی دەدرێتێ.

**ئەنجام**

1- وێنەی هەموو دایکەکانی دەقە شیعرەکان، کتومت کۆپی وێنەکانی دایکی )لەتیف هەڵمەت(ن، لە خۆشەویستی و ئەمەکداریی و خۆنەویستی و بەهابەرزی و ڕابەرایەتی و مرۆڤدۆستییدا. ئەمەیش سدقی ئەدەبی لە شیعرەکانی ئەودا پشت ڕاست دەکاتەوە و لاسایکردنە و پاشکۆبەندی و چاولێکەری و مشەخۆری ئەدەبی لە شیعرەکایدا ڕەتدەکاتەوە.

2- دایکانەی تەیر و تەوارەکان و دایکی گیاندارەکان، لە ڕێی بەهونەرکردنی زانستی (Anthropomorphism)، شاعیر، خەسڵەت و سیما و بەها جوانەکانی دایکی خۆی بۆ ئەو تەیروتوار و گیاندارانە گواستۆتەوە، لەوێشڕا جارێکی دیکە بە منداڵەکان بەخشراونەتەوە. هەروەها دایکی ئاوێتەی دیمەنەکانی سروشتی کردووە، نیشتمان و دایکیشی پێکەوە وەسف کردووە.

3- لەبەرئەوەی لەتیف هەڵمەت بەچاوی خۆی بینیویەتی دایکی ئاگری تێبەربووە و سوتاوە و مردووە، لەوتەمەنە مێرمنداڵییەی خۆی لەسۆزی دایك بێبەری بووە، ئەو لەڕێی شیعرەوە هەمیشە دایکی دەدوێنێ و ئاوێتەی خەیاڵ و شیعرەکانی خۆی دەکات و دەروونی خۆی هێور دەکاتەوە.

4- فەرهەنگی وشەکانی لەجیهانی منداڵان هەڵبژاردووە و لایەنی دەروونی و پەروەردەکاری لەبیرنەچووە و زۆر بەوردیش ڕەچاوی لایەنی مۆسیقای شیعری کردووە.

5- هێندێك لە دەقەشیعرەکان خەسڵەتی شیعری گەردونییان (Cosmo Poems) تێدایەوە دەکرێ بۆ منداڵانی دنیا تەرجەمەی زمانەکان بکرێن.

**سەرچاوەکان**

**یەکەم: سەرچاوەی کوردی:**

**أ-کتێب:**


1- ئەحمەد، نەوزاد عەلی، 2006، منداڵ و ئەدەب، چ2، هەولێر.
2- سڵێوە, هاوژین (د.), 2013,ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا, چ1, چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
3- شەوڕۆ, فازیل, 2014, ڕەهەندەکانی خەون لەشیعری کوردیدا, چاپخانەی حاجی هاشم, هەولێر.
4- عەلی، دارا محەمەد, منداڵ لە هەندێ بواری ڕۆشنبیریدا, چ1, چاپخانە؟, ساڵ؟
5- فەرهادی,حەمە ساڵح ، 2013 ،پێگەی شیعری منداڵان لای شاعیرانی کورد، ب1، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.
6- فەرەج، خالیدە قادر, 2013،چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا 1970- 1990, چ1, چاپخانەی شەهاب, هەولێر.
7- کەمال غەمبار و کەسانی تر، 2002, ئەدەبی منداڵان, چ1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
8- مامەند, کەمال ، 1981, چەند وتارێك دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی کوردی، چاپخانەی الحوادث ، بغداد.
9- مەجید، د. فازڵ, 2004،شیعری منداڵان لەئەدەبی کوردیدا, دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم, سلێمانی.
10- هەڵمەت, لەتیف, 2013,دیوانی منداڵان, چ3, چاپخانەی کارۆ.
11- هەڵمەت, لەتیف, 2016,جۆرەکانی نووسین بۆ منداڵان, چ1, چاپخانەی ڕەهەند.
12- هەڵمەت، لەتیف, 2011،چۆن و چی بۆمنداڵ بنووسین, چ 1, چاپخانەی کارۆ.


**ب- نامەی زانستی:**


- ئیسماعیل, موزەفەر مستەفا, 2008, روخسار و ناوەرۆکی چیرۆکی منداڵان لای لەتیف هەڵمەت, ماستەرنامە, زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر, کۆلیژی زمان.


**ج- ڕۆژنامەوگۆڤار:**


1- چاپچی، سیمین, ژ 100, ساڵی 2013 ، گۆڤاری گزنگ, ئەدەبی منداڵان لە کوردیدا و کێشەی چەندایەتی و چۆنایەتی.
2- حەسەن، محەمەد ئەحمەد, ژ133, 2008 ، گۆڤاری ڕامان, ئەدەبی شانۆی منداڵانی کورد.
3- ڕەزایی، یونس, ئەدەبی منداڵان, ژ 167, 2011 ،گۆڤاری ڕامان, چرایەك لەسەر ڕێی داهاتوو.
4- فەتاح، محەمەد ڕەشید, ژ 149, 2000 ، گۆڤاری ڕامان, کەسێتی منداڵ لە باخچەی ساوایاندا.
5- هەڵمەت, لەتیف ، سازدانی: د. هاوژین سلیوە، ژ: 2207، 2015, ڕۆژنامەی هەولێر، هەلقەی یەکەم.
6- هەورامی، حەمە کەریم, ژ 160, 2010 ، گۆڤاری ڕامان, مەرجە گشتییەکانی ئەدەبی منداڵان.


**دووەم: سەرچاوەی عەرەبی:**


1- تالیف: جماعة من التربويين, تعريب: انطوان رزقاللة مشاطي, دار المجاني, بيروت, لبنان, 1986
2- كافية رمضان- فيولا بيلاوي, ثقافة الطفل, 1984
3- الوردي, دكتور علي ،2013, خوارق الآشعور، دار و مكتبة دجلة و فرات، بيروت، لبنان.

**سێیەم: سەرچاوەی فارسی:**

**أ- کتێب:**

1- تایسن, لیس, 1378 ,ترجمەی: مازیار حسین زادة, نظریه های نقد ادبی معاصر, فاطمة حسینی, تهران.

2- کدکنی, محمد رضا شفیعی (د.), صور خیال در شعر فارسی, ضاث هجدهم, نشر اطة.

3- منصور ثروت(د.), 1395, أشنایی با مکتبهای ادبی, ضاث سوم, تهران: علم.

ب-پێگەی ئەلیکترۆنی:

1-شيعري كةكودك دوست، 26 فروردین، 1392

http://www.aftabir.com/articles/subcategory

2- کامران شرف شاهی, بخش اول, پێنج شەممە, 29 مورداد 1396 http://www.ettelaat.com/etiran/?p=1428311396

چوارەم: سەرچاوەی ئینگلیزی:

**أ-کتێب**

1-The Impact of Pets on Human Health and Psychological Well-Being by Harold, Published by Association for Psychological Science, 2011.

2-The Fifith Season, Nora k. Jemison, 2015, Orbit Books, USA.

3- Lucid Dreaming: Gateway to the Inner Self, By Robert,Waggoner, Published by Red Wheel/Weiser, USA, 2009

**ب- پێگەی ئەلیکترۆنی:**

1- http://www.dictionary.com/browse/theme

2-http://onlinelibrary.wiley.com/doi/10.1111/mcn.12161/full

3-https://www.psychologytoday.com/basics/dreaming

4-http://www.goodreads.com/quotes/tag/dream

5- https://www.theatlantic.com/author/c-m-hewins

**ملخص**

لطيف هلمت شاعر كتب في كثيرمن المجالات. وفي كثير من المواضيع بين قدرته في الكتابة, وقد اهتم كثيرا بقصص و اشعار الاطفال. واسمه معروف في هذا المجال. وقد اهتم كثيرا بالام في اشعاره. وخصص 142 شعرا للام. وفي هذا البحث استفدنا من شعرالاطفال, و من خلال هذه الاشعار كتب 24 شعرا للاطفال يتحدث فيهاعن الام.

عينوان البحث (قيمة الاَم في اشعار لطيف هلمت )وهذا البحث ينقسم الى قسمين. القسم الاول, يتكون من خستة محاور : تعريف و مفهوم ادب الاطفال. تاريخ ادب الاطفال. خصائص شعر الاطفال. شعر الاطفال عند لطيف هلمت. ولماذا اهتم لطيف هلمت بالام؟ والقسم الثاني يتكون من خمسة محاور: الام قائدة ومعلمة. الام وطن و وطن الام. الام والطبيعة. ام الكائنات. الام والحلم وا شعار الاطفال.

**Value of Mother in Notice Latif Halmat**

**Abstract**

Latif Halmat is a poet who possesses a variety of writing dimensions and successfully covers many literary genres. In addition to good collections of poetry for children and stories for kids he published many literary researches the Children literature. Therefore; we have decided to devote our study on the theme of (mother) in his Childrens Poetry Book.

(Mother) is not the poets them only in his childrens poems but it is vividly seen in his poetry collection as he has written (142) poems for mother. Here, we have selected the (24) childrens poems related to the mother.

Following the descriptive Analytic method in our study, we try to analyze the poem texts psychologically and critically so as to reveal the hidden literary aspects of them. The study consists of two chapters. Chapter one has five sections: Definition and concept of children 's literature- History of children 's literature- Characteristics of children's hair -poetry for children- The importance of hair in children hair Latif Halmat. Part two has five topics: First, Mother as the guide, leader and teacher. Second: The homelands mother and the mothers homeland. Third: mother, the nature and environment, while the fourth topic is entitled: Animals and birds mothers.an Mother and dream and children.The study ends with conclusions and references.